# کاریگەریی بەرنامەیەکی فێرکاریی لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکان لە بابەتی داڕشتنی وێنەکێشان لای خوێندکاران

# أثر برنامج تعليمي على أصول التفكير الإبداعي لتنمية مهارات التكوين الصوري لدى الطلبة

# The Effect of an Instructional Program Based on Creative Thinking on Developing Painting Composition skills among students

**ئاکۆحمە خسرەو[١] ،جوادە نعمت حسين[٢]**

[١،٢] بەشی پەروەردەی هونەر،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ،زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: ako.hama@charmouniversity.org

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەریی بەرنامەیەکی فێرکاریی لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکان لە بابەتی داڕشتنی وێنەکێشان لای خوێندکاران). توێژینەوەکە لە میتۆدی ئەزموونی پێکدێت کە ئامانجی زانینی کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکەیە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی داڕشتنی وێنە کێشان. وە ئامانجی دووەم زانینی جیاوازیی ئامارییە لە نێوان ڕەگەز سەبارەت بە کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکە لەسەر هەریەك لە (داڕشتنی تابلۆ، بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا) کە بە پێکهاتەکانی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی داڕشتن دادەنرێن. ئەم توێژینەوەیە لای خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی چەمچەماڵ، بەشی شێوەکاریی لقی وێنەکێشان ئەنجامدرا. ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە (18) خوێندکاربوو کە بەسەر یەك گروپی ئەزموونیدا دابەشکران. جێبەجێکردنی بەرنامەکە ماوەی( 6 )هەفتەی خایاند. تایبەتمەندیە سایکۆمتریەکان بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە ئەنجامدرا. پێش بەئەنجام گەیاندی بەرنامەکە توێژەران هەستان بەوەرگرتنی زانیاری لای نموونەی توێژینەوەکە لە سەر لە تاقیکردنەوەی یەکەم (Pre-test). دوای کۆتایهاتنی بەرنامە فێرکاریەکە توێژەران هەستان بەوەرگرتنی زانیاری لەسەر تاقیکردنەوەی دووەم (post-test). هاوکێشەی ئاماریی Whitney U test Mann , (Wilcoxon Test ) بۆ مەبەستی شیکاریی داتا و زانیارییەکان بەکارهێنران. دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە بەرنامە فێرکارییەکە کاریگەرییەکی ئەرێنیی هەیە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی داڕشتن لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان. سەبارەت بە جیاوازی نێوان ڕەگەز ، سەرەڕای بوونی جیاوازی ئاماری لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا لە (داڕشتنی تابلۆدا) ، دەرەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە جیاوازی ئاماری نیە لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە تاقیکردنەوەی دووەمدا. بەو واتایەی کە هەردوو ڕەگەز هاوشێوەی یەکتر سوودی ئەرێنی لە بەرنامە فێرکارییەکە دەبینن لە داڕشتنی تابلۆدا. بەڵام بە پێچەوانەوە، لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا جیاوازی نەبوو لە لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا، بەڵام لە تاقیکردنەوەی دووەمدا جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا بەدیکرا.

**وشە کلیلیەکان:** داڕشتنی وێنەکێشان، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، لێهاتوویی داڕشتن،بەرنامەی فێرکاری.



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10485 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | ako.hama@charmouniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣ م.ی. ئاکۆحمە خسرەو، پ.د.جوادە نعمت حسين، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**الملخص**

هذا البحث بعنوان (أثر برنامج تعليمى على أصول التفكير الإبداعي لتنمية مهارات التكوين الصوري لدى الطلبة )، حيث يكون البحث عن طريق وضع برنامج على أساس التفكير الإبداعي بطريق علمية في ضوء تفكير جديد إبداعي. الهدف من هذا البحث هو الكشف عن تأثير البرامج التعليمية على تنمية مهارات التعبير وإبراز الفرق بين الجنسين (الذكرن والأنثى) من حيث درجة تأثير البرنامج التعليمي على تنمية مهارات التعبير (التكوين الصوري، والتفكير المبدع في االتكوين) لدى طلبة الفن التشكيلي، قسم الرسم للمرحلة الرابعة التابع لمعهد الفنون الجميلة في جمجمال، حيث اتخذت جميع الإجراءات اللازمة وباستخدام منهج تجريبي. فقد وصل عدد المتعلمين (١٨) طالبا وطالبة ضمن مجموعة مقصودة واحدة، وقد تم اجراء معايير الصدق والثبات للظاهر والمضمون ، وثبت المحتويات. وقد تم اختبار القبلي الأول، وتم تحديد الاحتياجات في ١٢ مادة تعليمية حول طرق التفكير الإبداعي معتمدا على تجربة الخبراء والمصادر العلمية. تتكون العملية من اختبار نظري وعملي، حيث تم تقييم الناحية العملية من قبل لجان فنية مختصة واستعمال المعادلة الإحصائية ( Mann Whitney U test, Wilcoxon Test ) لأجل تحليل المعلومات . وقد توصل الباحث إلى النتائج التالية : 1. وجود تأثير إيجابي للبرامج التعليمية لتنمية مهارات التكوين الرسم للطلبة.

٢. للبرامج التعليمية إيجابي للذكر والأنثى .


**الكلمات المفتاحية:** التكوين والرسم ، التفكير الإبداعي، ومهارة الرسم، للبرامج التعليمية.


## Abstract

This research, entitled “The Effect of an Instructional Program Based on Creative Thinking to Develop Students’ Skills in Composition of Painting”, is a study that, through designing a program, works on the basis of creative thinking to develop students’ artistic products and solve the problems of composition subject in a scientific way under the light of new and creative thinking. This study aims at revealing the effect of the instructional program on developing students’ composition skills. It also attempts to find out the differences between genders (male and female) in terms of the effect of the instructional program on students’ skills in composing paintings and utilizing creative thinking in their paintings. Likewise, this program was applied on fourth year students of plastic art department, painting branch at Chamchamal Fine Arts Institute. Experimental method has been used with one group that their number was 18 students. Psychosometric charectristics of the used instruments were obtained and then a pre-test was carried out with the students. In addition, the students were taught for 6 weeks through the new creative thinking program which was based on experts’ views and scientific sources. At the end of the course, a post-test took place that included theoretical and practical parts. The practical part and products were scored and assessed by a committee of specialists in the field. Moreover, the data was analysed based on the Mann Whitney U test, Wilcoxon Test equations. The results of the study showed that there was a positive effect of the instructional program on the developing painting composition skills. Regarding the gender difference, the study revealed that despite the existence of differences between male and female students in the pre-test, there was a signifant differences between gender in Painting Compositionin in the post-test. Suggesting that, the instructional program is benefical for both male and female students. Conversely, statistically signifant difference between gender was not found in creative thinking in the post-test.


**Key Words:** Painting Composition ، Creative Thinking، Composition Skill, Instructional Program.

## پێشەکی:

لەم سەردەمی نوێگەریی و جیهانی نوێیەدا، گۆڕانکارییەکان زۆر خێران و دەستکەوتی گەورە لە بواری زانستیی و ئەکادیمییدا دێتەدی، هەربۆیە ناکرێت خوێندکار لە ڕەوەندی بەرهەمهێنانی کاری هونەرییدا کاری لاسایی و کۆپیکاری بکات. پێویستە کارە هونەرییەکانی وەڵامدەرەوەی ئەم سەردەمە نوێیە بێت و گۆڕانکاری و شێوازی نوێ لە بەرهەمە هونەرییەکانیدا ببینرێت و داهێنان و نوێگەریی لە کارە هونەرییەکانیدا پێویستە بە شێوازێکی کاریگەر بەرجەستە بێت، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا، کە بەرنامەیەکی فێرکارییە لەسەر بنەما و ڕۆشنایی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی توانا و لێهاتوویەکان لە بابەتی دارشتنی وێنەکێشاندا لای خوێندکاران، بەرنامەکە بە شێوازێك دارێژراوە بە مەبەستی پێشخستن و توانای ئەفراندنی تابلۆ و کاری هونەریی کە هەڵگری نوێگەریی بێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە توێژەر دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاریی لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە کردووە، کە لە (12) وانەی (تیۆریی و پراکتیکی) پێکهاتووە، ئەمەش لە ئەنجامی ڕاوێژ و گفتوگۆی کەسانی شارەزا و بە ئەزموون و سەرچاوەی زانستیی (کتێب و توێژینەوەی زانستیی)ەوە سەرچاوەی گرتووە. توێژەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە وەڵامدەرەوە و چارەسەری ئەرێنیی ئەو گرفتە بداتەوە، کە بەشێکی فێرخوازان لە کاتی بەرهەمهێنانی کاری هونەریی ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەرنامەکە بە شێوازێکی زانستیی دارێژراوە و ڕێکخراوە، کە توانای فێربوون و فێرکاریی لای فێرخواز بەرزبکاتەوە، پلان و شێواز و پێداویستییەکانی بۆ فەراهەمکراوە، ئەمەش لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە و هەنگاوەکان و ڕەوەندی دروستکردن و دیزاینکردنی بەرنامەیەك بە هۆکاری پێداویستیی گرنگیی و گۆڕانکاریی ئەرێنیی لە هەردوو ڕەهەندی تیۆریی و پراکتیکییەوە، لە لای فێرخوازان، کە بە مەبەستی پەرەپێدان و گەشەسەندنی لێهاتوویی و بەهرەکان بۆ خەڵقکردن و ئەفراندنی کاری هونەریی نوێ و داهێنەرانە، کە بتوانێت ئاستی باڵای فێرخواز لە کارە هونەرییەکاندا دەربخات، بە تایبەت لە دارشتنی وێنەکێشاندا. (یەکێك لە بنەماکانی وێنەکێشان بابەتی دارشتنی وێنەکێشانە، کە دەرخەری ئاستی باڵایی و نزمیی هونەریی تابلۆیە، هەر لەم ڕوانگەیەوە دارشتن بە پایەیەکی گرنگی کاری هونەریی دادەنرێت، بە تایبەت لە هونەری شێوەکاریی و بە تایبەتتریش لە وێنەکێشاندا، دروستکردنی دارشتنی وێنەکێشان بە هۆی شیکاریی و لێکۆڵینەوەوە لە بینای وێنەکێشاندا دەگەینە ئەنجام، ئەگەر شێوازی فێرکارییەکە بە شێوازێکی زانستیی بێت، ئەشێت دەرئەنجامێکی داهێنەرانە لە کاری هونەرییدا بخاتەوە. دەروونناسان و توێژەرانی بواری توانا و لێهاتوویەکانی فێرخوازان دووپاتیدەکەنەوە، کە چالاکیی هونەریی لەسەر بنەمای زانستیی بە لەبەرچاوگرتنی توانان و لێهاتوویەکان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی توانای ژیریی و خەڵقکردنی بیری داهێنەرانە. هەنگاوی دروستکردنی پۆلێك، لەسەر بنەمای شێوازی فێرکاریی دروست، کە فۆڕم و تەکنیکی فێرکاریی گونجا و بۆ فێرکاریی دارشتنی وێنەکێشان دیزاین کرابێت و بە شێوازی جیاواز و نوێ، هەلێکە بۆ دەرئەنجامی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی و گەشەپێدان بە بیری داهێنەران و فراوانکردنی خەیاڵی داهێنەرانە) (Boltabayevich, & Pardaboy,2020,p.18).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەشی یەکەم

### کێشەی توێژینەوە:

داهێنانی هونەریی، هەوڵێکە بۆ گەشەپێدانی توانا و بەهرەکان لە بواری هونەرییدا، فێرخواز بە ئاڕاستەی بەردەوام خۆنوێکردنەوە بۆئەوەی هەمیشە نوێخواز بن لە بواری هونەریی و توانا و هێزی داهێنان کێشکەن بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەریی و ئاشکراکردنی توانا و لێهاتووییەکانی لە بواری هونەرییدا. پێویستە بەردەوام بە دوای سەرچاوە و شێوازی نوێی لێکۆڵینەوە بکەون، تاکو بەو ئامانجە ئەرێنییە بگەن. لە ڕاستییدا توانا و لێهاتوویەکی زۆر لە ناو فێرخوازاندا هەیە، گرنگ ئەوەیە چۆن ئەو تواناکانە بەگەڕبخرێن لە لێهاتووییەکانی دارشتنی وێنەکێشاندا و چۆن ئەو تێڕوانین و هەڵە باوانەی کە لە بواری فێرکاریی هونەرییدا هەیە، وەلابنێرێن و بە شوازێکی دروست و زانستیی بابەتی دارشتنی وێنەکێشان بخوێنرێت، کە بە باوەڕی توێژەرانی ئەم بوارە کلیلی سەرکەوتن و داهێنانە لە بواری هونەرییدا (فرند،٢٠٠٦، ٢ ). هەروەها پێویستە بپرسین خوێندکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکان لهسەر چ پێوەر و بنەما و بیرۆکەیەك دەست بە دارشتنی تابلۆیەکدەکەن؟ چۆن ڕێکار و بەرنامەیەکی فێرکاریی لەسەر ڕۆشنایی بیری داهێنەرانە لە بابەتی دارشتن بۆ خوێندکاران دەبنە گەشەپێدانی توانا و لێهاتووییەکان؟ کاریگەری بەرنامەیەکی فێرکاریی لەسەر بنەمای بیری داهێنەرانە چ نەخشێکی لەسەر دارشتنی وێنەکێشان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا هەیە؟ لەم ڕووەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدواداچوونە بۆ دانانی بەرنامەیەکی فێرکاریی لەسەر ڕۆشنایی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ بەرزکردنەوەی توانای ڕێکخستنی ڕەهەندەکانی دارشتنی وێنەکێشان لای فێرخوازان، هەروەها بە مەبەستی گەشەپێدان بە توانا و لێهاتووییەکانی فێرخواز تا ئاستێکی باڵا، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە لەسەر بابەتی دارشتن و بنکۆڵکردن و شیکاریی زانستییانە بۆ سیستەمە بەرهەمهێنەرەکانی دارشتنی تابلۆ. گرفتی سەرەکی بەشێکی زۆری خوێندکاران بۆ خستنەڕووی شێوازی دارشتن، دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی و نائامادەگی مەعریفیی بۆ چەمك و تایبەتمەندییەکان و ڕەهەندەکانی دارشتن لە نیگارگەرییدا لای فێرخوازانی پەیمانگا، کە سەرچاوەکەی بۆ نەبوونی نوێگەریی و داهێنان و شکانی ئەو شێوازە کلاسیکییەی کە پێشتر پەیڕەوکراوە. توێژەر دەیەوێت بە شێوازێکی زانستیی لە ڕێگەی بەرنامەیەکی فێرکاریی دروست، وەڵامی پێویست بۆ گەشەپێدان بە لێهاتووییەکان لە دارشتندا بداتەوە، دوای بەدواداچوون و ئەو ئەزموونە مامۆستاییەی کە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان هەیبووە و دوای ڕاوێژ بە کاسانی شارەزا گەیشتۆتە چەند کێشەیەك، کە لە بابەتی دارشتنی وێنەکێشاندا هەیە، کە بە شێوەی خاڵ دەیخەینەڕوو.

١.زۆرجار خوێندکاران پەنادەبەنەبەر کاری کۆپی و لاساییکردنەوە لە کاتی دارشتنی وێنەکێشاندا.

٢.کەمتر پشت بە توانا و لێهاتووییەکانی خۆیان لە کاتی دارشتنی وێنەکێشاندا دەبەستن.

٣.وەك پێویست داهێنان و نوێگەریی لە کارە هونەرییەکانیاندا بە تایبەت لە دارشتنی تابلۆدا ناکەن.

٤. وەك پێویست لە دارشتندا شارەزاییان نییە، ئەم توێژینەوەیە هەلێکە بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی لە دارشتندا.

٥. خوێندکاران هیچ جۆرە سەرچاوەیەکیان لە شێوەی کتێب لە بابەتی دارشتنی وێنەکێشاندا بە زمانی کوردی لەبەردەستدا نییە.

### گرنگی توێژینەوە:

سەرەڕای گرنگی و زیندوێتی بابەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە (Creative Thinking) لای توێژەران و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و فێرکردن و دەروونزانی، بەڵام کۆدەنگییەکی گشتی لەسەر پێناسەکردنی نییە، ئەم نەبوونی کۆدەنگییە و ناتەباییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی لە دیدوتێڕوانینی ئەو توێژەر و پسپۆڕانە لەسەر سروشت و پێکهاتەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە(الزغول،٣١٢،٢٠١٢). هەندێك وا پێناسەی دەکەن، کە ئاماژەیە بۆ دانان و دارشتنی بیرۆکە و چاکردنیان، بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامێك جیاوازتر بێت لەوانەی کە هەیە، شایەنی ئاماژەبۆکردنە، کە خاوەنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە هزرپاراویی و ڕەسەنێتی و وردەکاریی و هەستیاریی لە هەستکردن بە کێشەکان ناسراوە، هەروەها ئەم بیرکردنەوەیە پشت بە ئەزموون و شارەزاییەکانی پێشووی تاك و تواناکانی بۆ دەرچوون و پەیوەست نەبوون بەو لۆژیکانەی کە

پێشتر لە بیرکردنەوەکانیدا پەیڕەوی کردووە دەبەستێت. بە دیدی گیلفۆر(Guilford) بیرکردنەوەی داهێنەرانە جیاوازە و سیستەمێکی کراوەی هەیە، جیادەکرێتەوە بە جۆراوجۆریی لە بەرهەمدا. لە کاتێکدا جرودان پێناسەی کردووە بەوەی کە چالاکییەکی ئامانجدارە و ئاڕاستەکراوە، لێکدراو ئاڵۆزە ئارەزووییەکی بە هێزی بۆ گەڕان بەدوای چارەسەردا هەیە و گەیشتن بە ئەنجامێك کە پێشتر نەزانراوە. هەروەها غانم وایدەبینێت، کە چالاکییەکی هزریی فرەلایەنەیە، ئەنجامی نوێ دەگرێتەخۆ، کە بەهایەکی بەرز و باڵایان لای ئەوانی تر هەیە. بە دەربڕینێکی تر بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەبێ هاوتا لە ڕووی تازەیی و جۆراوجۆریی وەڵامدانەوە، خاوەنەکەی ستایشدەکرێت بە تازەگەریی و ڕەسەنێتی و ڕەوانیی و نەرمیی لە بیرکردنەوەکانیدا. (خەڵەف،٢٧٢،٢٠١٧). لە یەکێك لە توێژینەوەکاندا، کە شێوەی فێرکاریی و کاریگەری بە مەبەستی گەشەپێدانی لێهاتوییەکان لە وانەی وێنەکێشاندا بەسەر خوێندکارانی هونەرە جوانەکاندا جێبەجێکرا، توێژینەوەیەکی ئەزموونیی بوو، کە توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا گەیشتبووە ئەو ڕاستییەی کە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی دارشتن لە وانەی وێنەکێشان هەبوو، دوای دەرئەنجامەکان شیکاریی ئاماریی توێژینەوەکە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر لێهاتووییەکانی وێنەکێشانی فێرخوازان هەبووە (حمید،٢٠٢٠،٦٤).بەدواداچوونی داڕشتن لە لای هونەرمەند کارێکی گرنگە هەندێك هونەرمەند باوەڕی بە داڕشتنی بە ڕێکەوتە، بەڵام تابلۆیەك کە لەسەر بەرنامەڕێژیی داڕشتن بێت کارێکی سەرکەوتووانە دەبێ بۆ هونەرمەند. ڕێکارەکانی داڕشتن بە وردی و هەڵبژاردنی کەرەستە بۆ دانانی لە جێگەی دروستی خۆیان، کە پێیاندەڵێن پلانی وێنەیی، پێویستی بە زەمەنێکە کە تێیدا بڕیار لە کێشانی تابلۆکە دەدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکرنی چەند پرسیارێکی گرنگ، ئەم تابلۆیە چی پەیامێکی نوێی بۆ بینەر پێیە؟ ئامانجەکە چییە؟ چی شتێك ئەبێت بۆ تابلۆکە زیادبکەین هەتاکو پەیامەکە بە ڕوونتر بگەیەنێت؟

گرنگی توێژینەوەکە لەم چەندخاڵەدا دەردەکەوێت.

١- سودی دەبێت بۆ مامۆستایانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە بواری داڕشتنی وێنەکێشاندا.

٢- دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستیی بۆ کتێبخانەی کوردیی .

٣- سودی دەبێت بۆ هونەرمەندانی شێوەکار، وەکو سەرچاوەیەکی زانستیی لە بواری (تیۆریی- کارەکیی)دا.

## ئامانجی توێژینەوە:

١.زانینی کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی داڕشتن.

٢.زانینی کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکە و جیاوازیی لەنێوان ڕەگەزی(کچ- کوڕ)دا، کە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی داڕشتن (داڕشتنی تابلۆ، بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا) بیناکراوە.

سنوری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بەشی وێنەکێشان (قۆناغی چوارەم)، لە ساڵی (٢٠٢١-٢٠٢٢)دا ئەنجامدراوە.

## پێناسەی زاراوەکان:

### داڕشتن:

### پێناسەی Jabbaro (2019)

وشەی داڕشتن(Composition) لە وشەی لاتینی((Compositoوە وەرگیراوە، کە بە مانای دروستکردن، یەکبوون، دروستکردنی پەیوەندی، ڕێکخستن و تەرکیبی ڕەگەزە جیاوازەکان لە گشتییدا، یا ستایشکردنی بیرۆکەکە هاتووە. ئەم داڕشتنە لە تەواوی بواری هونەرییدا بەکاردەهێنرێت. پێناسەی (Shaker & Hussen (2020).((Jabbarow,2019.p.2)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

-پێکهاتەکانی دارشتن لە هونەری شێوەکاریی بە هاوکاری تناسب و دارشتن، ژینگە و رەنگ و ملمس و هێڵ، بە هاوکاری سروشت و مرۆڤەکان بە شێوەی ئەبستراکت دەگۆرێت و دابەشدەبێت و جێبەجێدەبێت. لەپێناو بیرکرنەوە و تێرامان و هەستەکان و داهێنانی هونەریی جێبەجێدەکرێت. هەتا رێکارەکانی دارشتن بە باشیی لەبەرچاونەگیرێت ناتوانین بگەینە بینای تابلۆیەکی دروست. چێژ و خۆشیی وێنەکێشانێکی دروست بە هۆی دارشتێکی دروست و رێکخستنی رەگەزەکانی دارشتنەوە دەگاتە ئاستێکی بالا. (Shaker & Hussen, 2020.p.17)

-دارشتن زاراوەیەکە بۆ ستایشی رێکخستنی رەگەزەکانی بینینی یەك وێنەکێشان، یان کاری هونەریی تر سودیلێیدەبینرێت. دارشتن بە مانای ئەوەیە، کە چۆن رەگەزەکانی هونەر و دیزاین و هێڵ، شکڵ، رەنگ، بەها. لە کارێکی هونەرییدا رێکدەخرێت.

## بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

## پێناسەی (Redifer,2020)

-بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بریتییە لە توانای بەرهەمهێنانی وەڵامدانەوە کە ڕاستەقینە و سودبەخشە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە سوود لە سەرچاوە باڵاکان وەردەگرێت. (Redifer,2020.p.20)

پێناسەی (Eshet and Margaliot,2022)

- بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بریتییە لە ناساندنی پەیوەندی نەناسراو و پێشوو بە بەرهەمی ئەزموونی ڕەسەن((originalەوە بە واتای یەك شێوەی نوێ لە وانە لێهاتووییەکان، بە باشکردن و دروستکردنی ڕێگە و شێوازی نوێ دەناسرێت.

(Eshet and Margaliot,2022.p.3)

-بیرکردنەوەی داهێنەرانە: توانای تاکە بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ، بگات بە چارەسەرێکی نوێ بۆ کێشەکان، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ناساندنی توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە، نواندنی ئەو نیشانەیە، کە بەدەستیدێ و جێبەجێیدەکات، خوێندکارەکە لێهاتوویی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی بۆ گەیشتن بە ئەنجامی لێهاتوویی لە ڕێگەی هەرسێ ڕەهەندی (نەرمیی، وردیی، ڕەسەنێتی)یەوە (عبدالکریم،٢٠٠٨:٣١) .

لێهاتوویی دارشتن

پێناسەی

رضا(٢٠٢١)

لێهاتوویی هونەریی، بریتییە لە توانای وەرگرتنی فێرخواز و بەدەستهێنانی داواکارییەکان لە بابەتی هونەر، پەیوەستە بە لێهاتوویی بەکارهێنانی ڕەنگەکان لە جێبەجێکردنی کاری هونەرییدا.(رضا،٢٠٢١،٥٦).

لێهاتوویی دارشتن، بریتییە لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزەکانی دارشتن و پەیوەندییەکان لە کاری هونەرییدا.

بەرنامەی فێرکاری:

پێناسەی سیف(٢٠٢٢)

بەو بەرنامە و چالاکییەك دەوترێت کە ئامانجی ئاسانکاریی فێرکردن لەلایەن فێرکارەوە بەرنامەی بۆ دارێژراوە بۆ ئەوەی فێرخوازان لەگەڵ شێوازی بەشداری ڕووبەڕوی ببنەوە. واتە ئەو چالاکیانەی کە مامۆستا بەمەبەستی ئاسانکاری فیربوون لە فێرخوازەکاندا بە هاوکاری کەرەستەی فێرکاری و فێربوون بەکاریان دەهێنین بەمەبەستی بەدی هێنانی ئامانجەکان(سیف،١٤,٢٠٢٢).

بەرنامەی فێرکاری هونەری

پێناسەی عەلی(٢٠٢٢)

بەرنامەو پرۆگرامی فێرکاری هونەری بریتییە لەو پێداویستیە تیۆری و کردارەکی و چالاکی و بەرنامەیەی کە لەلایەن فێرکار بە کۆمەڵێك کارزانی پەروەردەی لە ڕێگەی چالاکییە هونەریەکان لە دەروەی و ناوەوەی فێرگە ئەنجام دەدرێت. بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان بۆ پێشخستنی بەرهەمی هونەری لای فێرخوازان و دروستکردنی گەشەی هاوسەنگی عەقڵی، کۆمەڵایەتی، دەرونی، گەشەپێدانی لێهاتووی هونەری بەمەبەستی ڕێکخستنی و چاکردنی ڕفتارەکان و کارکردن لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان لە پلانی وانەکەدا بۆی دیاریکراوە(عەلی،٢٠٢٢،٢٦٧).

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم:چەمکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و داهێنان لە هونەردا:

ئامانجی ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە لەسەر بایەخ و گرنگی دارشتنن، یان لێکۆڵینەوە دەکەن لەسەر دارشتنی وێنەکێشان، گرنگترین ئامانجیان لە وانەی فێرکاریی، دارشتن لە هونەری شێوەکارییدا گەشەپێدان، هێزی داهێنان، توانای داهێنەران و ئەفراندنی فێرخوازانی بواری هونەرە. هەموو ئەو فێرخوازانەی لە سەرانسەری جیهاندا، کە تەندروست لە ڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە دەتوانن دوای تێپەڕینی خولی سەرەتایی دارشتن لە هونەری شێوەکارییدا، دەستبکەن بە کاری داهێنەرانەی هونەریی و کارێکی هونەریی بەنرخ و سەرکەوتوو بەرهەمبهێنن.(حلیمی،٢٠١٢،٧)، فێرخوازانی بواری هونەریی دەتوانن بە تێگەیشتن و زانینی بەرنامەیەکی پێشنیازکراو بە ناونیشانی دارشتنی وێنەکێشان بگەنە دەرئەنجامێکی دروست و زانستیی لەو بوارەدا و هەندێکجاریش دەتوانن خاڵی بەهێز و لاوازی لە ڕێگەی دارشتەوەکەیەوە دیاریبکەن، واتە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی بینای دارشتنی وێنەکێشانەوە بگەنە کۆمەڵێك ڕاستیی لەسەر پێکهاتەی تابلۆکە و ئاست و چۆنێتی پێکهاتەکان و ڕەگەزەکانی تابلۆکە. بە کورتی بابەتی دارشتن ئەشێت ببێتەهۆی چارەسەری کێشەکانی تابلۆیەك کلیلی کردنەوەی نوێگەریی و داهێنان لە تابلۆدا بەو مەرجەی فێرخوازان بگەنە ئەو شارەزاییە پێویستەی لەسەر بابەتی دارشتنی دروست لە وێنەکێشاندا، دواتر دەتوانرێنت کارەهونەرییەکە بگاتە ئاستێکی بەرزی هونەریی. بە مانایەکی تر ئەگەر کارێکی هونەریی لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێساکانی دارشتنێکی زانستیی و دروست بینابکرێت لەوانە: (ڕیتم، هارمۆنی، کۆنتراس، هەیکەلبەندی، هاوسەنگی ڕەنگ و فۆرم، تعادل، جوڵە، یان لانیکەم چەند ڕەگەزێکی دارشتن لەبەرچاوبگیرێت و خەلقکردنێکی بینینی دیداری گشتی کە لە کارە هونەرییەکەدا یەکانگیریی ئاهەنگی لەبارچاوبگرێت، ئەوا دەرئەنجامی ئەرێنیی لێدەکەوێتەوە.(گودرزی،٢٠١٣،٣٨).

داهێنان؛ "سەیرم پێدێت خەڵك لە بیرۆکە نوێیەکان دەترسێت، بیرۆکە کۆنەکان ترسناکن. "جۆن کەیج.

داهێنان، یەکێکە لە ئاڵۆزترین ئەو چەمکانەی کە مرۆڤ بیەوێت پێناسەی بکات، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، کە لە ئەنجامی گەشەو پێشکەوتنی تاك و شارستانییەتەکاندا کاریگەری هەبووە. داهێنان دەچێتە چوارچێوەی داهێنراوەکان و دروستکراوە هونەریی و زاستییەکانەوە، پەروەردەکردن و فێرکاریی هونەریی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە و بەکارهێنەرانی بواری هونەریی و هەمەڕەنگیی بینەران و بەکاربەران. فێرخوازانی بواری هونەریی پێویستییان بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە هەیە، تاوەکو بتوانن بیرۆکە و وێنە دروستبکەن، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا بواری پەروەردە و فێرکردنی ئەم کایەیە بە چاوێکی کەم تەماشاکراوە و وەکو پێویست سەرچاوە و کاری سەرەکی لەسەر نەکراوە. لە کاتێکدا بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەتوانێت کاریگەری گەورەی لەسەر گەشەپێدانی توانا و لێهاتووییەکانی فێرخوازانی بواری هونەریی هەبێت. هەر لەم ڕوانگەیەوەیەە کە فێرخوازانی بواری هونەریی ناتوانن لە قۆناغەکانی تری خوێندن لە پەیمانگا و زانکۆدا بیر لە داهێنان و نوێگەریی بکەنەوە، هەمیشە لە بیری کاری کۆپی و دووبارەدان و کارەکانیان نابێتە کارێکی داهێنەرانە لە بواری هونەرییدا. هەر بەپێی ئەمە یەکێك لەو کێشانەی کە فێرخوازانی بواری هونەری دەگەڕێتەوە بە کاری کۆپیکاری کە بڕیارە دوای تەواوکرنی خوێندنەکەیان ببنە کەسیەتییەکی بەسوود بۆ کۆمەڵگە و داهێنەر لە بواری هونەرییدا، ئەمەش زیان بە کارەکەیان دەگەیەنێت و ئایندەی کاری هونەریی لە وڵاتەکەدا

دوچاری شکستدەکات. لە کاتێکدا ٢٠٠ تەکنیك و شێوازی پەروەردە لە بواری داهێناندا، لەلایەن توێژەران و زانایانەوە خراوەتەڕوو، کە ئێمە دەتوانین بۆ فێرکاریی و خەلقکردنی کاری هونەریی سودیان لێببینین (رضازادە،٢٠١٥،٦). والتر بنیامین دەڵێت: " یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی بەرهەمی هونەریی، ئەفراندن و داهێنانی ئەو پێداویستییانەیە، وا ئێستا کاتی جێبەجێکردنیان نەگەیشتووە. "(ڕۆستەم زادە،٢٠١٢،٣١)، پ‌رۆسێسی داهێنانی هونەریی(artistes creation)، لە لای برجسۆن داهێنان نییە، بەڵکو دۆزینەوەیە (discovery)، داهێنانی هونەرمەند تەنها لەوەدایە، کە بە هۆی ئەو بەهرەی دابڕان لە کردارەوە، کە سروشت پێی بەخشیوە، دەتوانێ لە سەروی ئاسایی شتەکان نەگیرسێتەوە، خۆنقومبکا بۆ ناوەوە و فۆرمێکی نوێ بێنێتەدەرەوە، ئەگەر هونەرمەند( دیوی ناوەوەی شتەکانی وەکو فۆرم ڕەنگەکان دەرکەون، ببینێت)، ئەوا پێیدەگوترێت نیگارکێشی، نیگارکێشە گەورەکان ئەوانەن، کە جۆرە ڕوانگەیەکیان بۆ شتەکان هەیە، بۆتە ڕوانگەی هەموو کەسێك، چونکە دوای ئەوەی کە ئەو شتە دەبینێ بە لای هەموومانەوە ئاساندەبێ، کە ببینێت) تایبەتە لەناو تەمومژە گشتییەکەدا، یان بۆ شکانی قاڵبە ئاساییەکان و دروستکردنی قاڵبێکی نوێ ((new mound، واتە هونەرمەند توانیوێتی ڕوانینی ئاسایی و چاولێکەریی بۆ شتەکان بداتەدواوە و ئەو ڕەگەزانە بێنێتەدەرەوە، کە ڕاستییەکەی لە هەریەکێك لە ئێمەدا هەن، بەڵام بەر لە ئەوەی ئەو بیاندۆزێتەوە نەماندەتوانی بەدییانبکەین بۆ نموونە: کاریگەری هونەرمەندی ئینگلیزی(Constable) لەسەر هونەرمەندانی قوتابخانەکانی ئیگلیز و فەرەنسا.. پێش ئەو هیچ نیگارکێشێك شتەکانی بەو چەشنەی ئەو نەبینی بوو و ڕەنگی نەکردبوو، ئەو ڕێگەیەکی تاکی بۆ سەرنجدانی شتەکان دۆزییەوە. واتە هونەر تەنها دۆزینەوەیە و داهێنان نییە. هونەر کۆرپەی داهێنانە، بە لای برجسۆنەوە موستەحیلە پێشبینی لە پاشەڕۆژی هونەر بکەین، لەبەرئەوە ناتوانین ڕوخسارەکانی دیاریبکەین، چونکە بۆی هەیە لەدەست هەموو حسابێك دەربازبێ، کاری هونەریی تازەیی و ڕەسەنی ڕەنگی داهێنانی وای هەیە، کە هیچ عەقڵێك ناتوانێ لەوەوپێش بڕیاریدابێت، چۆن بێت. هونەرمەند شتێك بەدیناهێنێت، کە لەوەپێش (مومکین)(potential) بووبێت و ئەو کردبێتی بە واقیع(real)، بەڵکو هونەرمەند کاتێ کارەهونەرییەکە دادەنێ (مومکین و واقیعی) لەیەککاتدا دروستدەکات. واتە کاری هونەریی شتێکی تەواو تازەیە و بریتی نییە لە ڕێکخستنەوەی ئەو شتانەی لەوەپێش بوونیان هەبووە، کاری هونەریی کارێکی تاکانەیە و ناتوانین تەواو تێبگەین یان ماوەکەی(( duration دیاریبکەین.(میراودەل،٢٠٠٥،٩٩،٩٧) بیرکردنەوەی داهێنەرانە حەزی زانین و خەیاڵکردن لە پێکهاتە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە، خەیاڵکردن یارمەتی دۆزینەوەی چارەسەری نوێ و داهێنەرانە دەدات. بە بۆچوونی ڤایگۆتسکی(Gygotsky) داهێنان بە خەو و خەیاڵەکانی سەردەمی منداڵیی دەستپێدەکات، وردەوردە ئەم خەیاڵکردنە گەشەدەکات و لە هەرزەکارییدا دەبێتە شێوەیەکی نوێی بیرکرنەوە، لە کۆتاییدا دەگاتە پێگەیشتنی تەواو، واتە خەیاڵکردن کلیلی داهێنان و بیرۆکە و شتە نوێیەکانە (العتوم ئەوانی تر،٢٠٠٩،٢٢٦).

تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

هەندێك لە زانایان و توێژەرانی بواری داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەسەر ئەوە کۆکن، کە بیرکردنەوەی داهێنەرانە چەند توانست و کارامەییەك لە خۆدەگرێت، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

### ١. هزرپاراویی(الطلاقة الفكرية-(Thinking Fluency:

ئاماژەیە بە توانای تاك لە یادهێنانەوەی زۆرترین بیرۆکەی گونجاو لە ماوەیەکی دیاریکراودا، هەروەها دروستکردن و بەرهەمهێنانی چەندین بیرۆکەی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەیەك، گرنگیدان بە خێرایی لە بەدەستهێنانی زۆرترین وڵامی گونجاو بۆ کێشەیەك یان وروژێنەرێکی دیاریکراو، کەواتە هزرپاراویی توانای تاکە بۆ خێرایی لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی زۆرترین وڵامدانەوەی گونجاو بۆ کێشەیەك یان ورژێنەرێکی دیاریکراو لە ماوە و کاتێکی دیاریکراودا، دەتوانرێت پێوانەی ئەم ڕەگەزەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکرێت لە ڕێگەی پشتبەستن بە کۆی وڵامە ڕاستەکان و ژمارەی گشتیی هەڵوێست یان پرسیارەکان، وادادەنرێت کە هەتاوەکو ژمارەی وڵامەکان زۆرتربن ئەوە ئاستی هزرپاراویی باشتر دەبێت..(ابراهیم،٢٠١٠،٣٧٣). بیرکردنەوەی پاراو بە مانای بیرکردنەوەیەکی ئامادە، یانی توانای تاك

بۆ یادکردنەوە زۆرترین ژمارەی بیرۆکەی گونجاو لە یەك ماوەی دیاریکراودا. یانی توانای بەرهەمهێنانی لایەنی زمانەوانی کارپێکردنی بیرۆکە جیاوازەکان بۆ ئازادبوونی بیرۆکەکان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە، هەروەها وەڵامدانەوەی خێرا و دیارکراو، یان توانای بیرهاتنەوەی هەر جۆرە زانیارییەکی خەزنکراو بۆ هەرکاتێك، کە پێویستت پێی بێت. هەندێك لەو تایبەتمەندییانەی لەم خاڵانەدا بەرجەستەدەبن:-

-لایەنی زمانەوانی: بە مانای خێرایی تاك لە پێشکەشکردنی لایەنی زمانەوانی، دربڕینی وشەکان، بیرۆکە زمانەوانییەکان، توانای دەربڕینی هاوواتای وشەکان و مانای دژی وشەکان، بەرهەمهێنانی وشەکان لەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.

- لایەنی بەیان کردن: بەمانای توانای تاك لە بیرکردنەوەی خێرای وشەی پەیوەندار و گونجاو لە شوێنی دیاریکراو و ئایدیای جیاواز بۆ کارێکی بەسود. تونای بەرهەمهێنانی بیرۆکە زیاد بۆ چارەسەری کێشەیەك.

-لایەنی مانا و بیرۆکە و ئایدیاکان: یانی توانای بەرهەمهێنانی بیرۆکە، فکرەی نوێ و جیاواز بۆ چارەسەری کێشەیەك

- لایەنی شکڵ و فۆرم Shape Fluency یانی توانای خێرایی تاك لە بەرهەمهێنانی لایەنی شکڵی بۆ وێنەکێشان، یان لایەنی شێوەکاریی، یا لایەنەکانی تری هونەریی، واتە بەرهەمهێنانی کاری هونەریی. واتە بەرهەمهێنانی لایەنی شێوەکاریی. واتە توانای تاك لە خێرایی و زیادیی بەرهەمهێنان و خەلقکردنی چەندین وێنەی جیاواز بۆ شتێکی دیاریکرا و لە کاتی وێنەکێشاندا.(عبدالعزیز،٢٠٠٦،١٦٤).

## ٢. نەرمیی(المرونة-Flexibility):

مەبەست لە نەرمیی توانای تاکە بۆ گۆڕانکاریکردن لەحاڵەتی عەقڵی و هزریدا بەپێی ئەو گۆڕاکارییانەی کە لە کێشە یان هەڵوێستەکە دروستدەبێت، هەروەها ڕوانین بۆ کێشەکە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە. واتە کەسەکە بیرکردنەوەکانی دەگۆڕێت و پاکیاندەکاتەوە و ڕێکیاندەخات بەپێی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی کە دێنەکایەوە، پێوانەی ئەم ڕەگەزە دەکرێت لە ڕێگەی جۆراوجۆری جیاوازی بیرۆکەکانەوە، تاوەکو وڵامەکان زۆرتربن، ئەوا مانای ئەوەیە ئاستی نەرمیی بیرکردنەوە باشە، کەسەکە بە ئاسانیی دەتوانێت لە بیرۆکە و چارەسەرێکەوە بپەڕێتەوە بۆ بیرۆکە و چارەسەرێکی تر.

## ٣. ڕەسەنێتی(الأصالة- Originality):

توانای تاك بۆ بەرهەمهێنان و هێنانەکایەی بیروڕا و بیرۆکەی نوێ، کە جیاوازە لەو بیروڕا و بیرۆکانەی کە لە ئێستادا و لە دەوروبەرەکەیدا هەن، ڕەسەنێتی زیاتر لە هەر شتێکی تر پەیوەندیدارە بە داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانەوە، کە تازەیی(Novelty) و بێهاوتایی(Uniqueness) دەگرێتەوە. بیرۆکەی ڕەسەن بەوە دەناسرێتەوە، کە دوورە لە لاساییکردنەوە و جیاوازە لە بیرۆکە بەربڵاوەکان، واتە تاوەکو بیرۆکە و وڵامەکانی کەسێك بەربڵاو و دووبارەبووەوە نەبن، دەگمەن و ناوازەبن لەنێوان هاوەڵ و دەوروبەرەکەیدا، ئەوە ئاستی ڕەسەنێتییەکەی بەرزتر و باشتر دەبێت.(ابراهیم،٢٠١٠،٣٧٣).

## ٤- وردەکاریی(الاضافة-Elaboration):

ئاماژە بۆ توانای تاك بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی و پێدانی وردەکاریی لەسەر بیرۆکەیەکی نوێ لەسەر هەڵوێستێکی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك دەکات، بۆئەوەی زیاتر بیرۆکەکە ڕوونبێت و سودەکەی دەربکەوێت، هەروەها بۆ بەرچاوڕوونی ئەوانیتر و پەسەندکردنی(دعمس،٢٠٠٨،١١٩).

هونەر کۆرپەی داهێنانە، بە لای برجسۆنەوە ناکرێت پێشبینی لە پاشەڕۆژی هونەر بکەین. لەبەرئەوەی ناتوانین ڕوخسارەکانی دیاریبکەین، چونکە بۆی هەیە لە دەست هەموو حسابێك دەربازبێت.کاری هونەریی تازەیی و ڕەسەنی ڕەنگی داهێنانی وای هەیە، کە هیچ عەقڵێك ناتوانێ لەوەوپێش بڕیاربدات چۆن بێت. هونەرمەند شتێك بەدی ناهێنێت، کە لەوەوپێش(مومکین)(potential) بووبێت


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەو کردبێتی بە واقیعی(real)، بەڵکو هونەرمەند کاتێ کارە هونەرییەکە دادەنێ(مومکین و واقیعی) لەیەك کاتدا دروستدەکات. واتە کاری هونەریی شتێکی تەواو تازەیە و بریتی نییە لە ڕێکخستنەوەی ئەو شتانەی لەوەپێش بوونیان هەبووە. کاری هونەریی کارێکی تاکانەیە و ناتوانین تەواو تێیبگەین یان ماوەکەی(( duration دیاریبکەین (میراودەل،٢٠٠٥،٩٩،٩٧). ئەوەی جێی ئاماژەیە لەم سەردەمە نوێیەدا، تۆمارکردنی گەشە و پەرەسەندوی تایبەتی هونەری نیگارکێشانە، بەرانبەر کشانەوەی هونەرەکانی تر، پەیوەست و ملکەچ بێت بە دینامیکییەتی ژیریی و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە، لە مامەڵەکردنی هونەرییدا. چون هونەری وێنەکێشان ئەوەی سەلماند، کە زۆرترین خواستی لەسەرە (ڕەسوڵ،٢٠٢١،٤٦٦). وێنەکێشان و نوێگەریی و داهێنان پەیوەستن پێکەوە، لەبەرئەوەی کاتێك هونەر بایەخی هەیە، کە هەڵگری چەمکی نوێگەریی و داهێنان بێت.

دەستەواژەی داهێنان بە مانای دروستکردن، یا بەرهەمهێنانی کارکردنێکی ئاگایانە و ئامانجدارە. زانستی نوێ داهێنان لە سەردەمی هاوچەرخدا بە پەیدابوونی گۆڕانکاریی لە بواری سایکۆلۆژیدی لە ڕۆژئاوا هاتەکایەوە، بە پۆلێنبەندییەکەی Gillford کە زۆر فراوانکرا، ئەو لە شێوازەکەیدا پێکهاتەی داهێنانی لە عەقڵی مرۆڤ کردە هەشت ڕەهەندی سەرەکیی، هەستکردن بە بابەتەکە، بیرۆکەی نوێ، شیکاریی، بەیانی زمانیی، مرونە. ئاڵۆزیی، پێزانی، بزوێنەرەکان. (تاك ئەتوانێت داهێنانی خۆی پەرەپێبدات، هەر ئەم بابەتە وایکردووە کە سەرنجی ئێمە بچێت بۆئەوەی کە لە پەروەردە و فێرکردنی وێنەکێشاندا سودمەندبین لە بیرۆکەی داهێنان) (لاوسون،٢٠١٣،١٩٢). بەرنامەی فێرکاریی هاوبەش لە ناوەندە زانستییەکاندا توانای فێرخواز دەباتە ئاستێکی باڵاوە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە شێوازی فێرکار بە بەڵگەی گرنگی بابەتەکە و لەنێوان فێرکەر و فێرکراو کاریگەریی گەورەی دەبێت (الهە السادات،٢٠١٩،١). زارەوەی داهێنان زاراوەیەکی کلیلیە و گرنگە لە بوارەکانی هونەر، فەلسەفە، زمان، ئەدەبیات و مانایەکی گشتگیری هەیە، داهێنان لە هونەردا بە ناونیشانی گرنگترین توانای بە مێشکی هونەرمەند ئەدات، لەلایەنی شێوەی بەرهەمهێنانەوە. بابەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کە سەرچاوەی داهێنانە هەمیشە لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانەوە بە درێژایی مێژوو جێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بووە، بۆ وێنە کانت لە بارەی بیرکرنەوەی داهێنەرانەوە تێڕوانینێکی نوێ دەخاتەڕوو، لە کتێبی ڕەخنەدا لە بابەتی داهێنان ئەدوێ، کانت داهێنان بە توانای غەریزیی، سروشتیی بەرانبەر گەشە دەزانێت، بە ناونیشانی سروشت بە هونەر یاسا دەبەخشێت ئەبێتە هۆی یەکبوونی هێزی خەیاڵ و بیرکردنەوە (رهنما،٢٠١٩،٢).

بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی یەك هونەرمەند پێویستە شێوازی کۆمەڵایەتی لەسەر هونەرمەند ئەو کاریگەریانە، کە لەسەر ڕۆح و هەستی هونەرمەند هەیە لەبەرچاو بگیرێت. داهێنان شتێك نییە کە بەرێکەوت ڕووبدات، بەڵکو زۆر هۆکار کاریگەرییان لەسەر هێنانەکایەی گەشەپێدان و شکۆفەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و خودی داهێنان هەیە. ئەو شتانەی کە دەبنە هۆکاری بەرهەمهێنانی کەسێتیی داهێنەرانەی هونەرمەندێك کۆمەڵێك ئامادەگی و توانین، ئەندێشە، بەهرەن. کەسێتی بەهێزی هونەرمەندێکی داهێنەر دروستدەکات. ئەتوانین بڵێین سیستەمی فێرکاریی ڕۆڵیان لە دروستکردنی کەسێتی داهێنەرانە هەیە، لەوانە ناسین، پەروەردە و کۆمەڵەکی دەرونی و ژیریی کاریگەرن لەسەر فێرخوازان. هەروەها بابەتی بیرکرنەوەی داهێنەرانە و پەیوەست بە هونەرەوە بابەتێکی کۆنە و توێژەران و بیرمەندانی بواری فەلسەفەی بوونگەرایی و زانکۆ و ناوەندە هونەرییەکان لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زۆریانکردوە. ئەگەرچی ئەمڕۆ زۆر، یان کەم شاهیدی داهێنانی هونەریی فێرخوازانین (حوریزاد،کاظم حسنوند،٢٠١٩،٤٦).

داهێنانی هونەریی بەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنەیە، کە فەیلەسوفان و بیرمەندانی بوارەکە پێشکەشیان کردووە. شێوازی بەرهەمهێنان و هاتنەکای بیرکردنەوەی داهێنەرانە و نوێگەریی، لە بواری هونەری شێوەکارییدا بەردەوام جێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بووە. کە ئەمەش وەکو پێداویستییەکی مرۆڤ و شارستانییەتەکانی مرۆڤ بووە. هەر سەردەمێك فەیلەسوفانی بواری هونەر پێناسەی داهێنانی هونەرییان هاوکات کردووە بە پێی پێداویستییەکانی جیهانی هونەریی، کە ئەوەش زادەی ئەندێشە و بیرکردنەوەی نوێ و ژیریی هونەرمەند بووە. لەم ڕوانگەیەشەوە لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی تیۆری داهێنانی هونەر و پێناسەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە ئاڕاستەی داهێنان لە فەلسەفەی هونەری مۆدێرندا جێگەیەکی دیاری هەیە. لێرەوە دیدگای پەیوەست بە هەڵسەنگاندنی داهێنان و نوێگەریی لە بواری هونەردا دێتەکایەوە.

لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی مۆدێرنە بە فەلسەفەی مرۆڤ سەنتەریی و گەشەی ژیریی هونەرمەند دەبینین و شێوازی پێناساندنی داهێنان لە بواری هونەرییدا (السادات،طاهری،٢٠١٩،٢).

بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بریتییە لە توانای بەرهەمهێنانی وەڵامدانەوە، کە ڕاستەقینە و سودبەخشە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە سود لە سەرچاوە باڵاکان وەردەگرێت (Jenni L Redifer،٢٠٢٠،٢). بیرکردنەوەی داهێنەرانە حەزی زانین و خەیاڵکردن لە پێکهاتە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. داهێنان ، یەکێکە پێداویستییە گرنگەکان لە فێرکاریی هونەریی و یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن لە کاری هونەرییدا. توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە داهێنان شتێکی فێرکارییە و فێرخواز ئەشێت فێری داهێنان ببێت. بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری سەرنج ڕاکێش، بیرکردنەوەی داهێنەرانە هۆکارێکە، کە ژیریی مرۆڤ جوڵاو و چالاك دەهێڵێتەوە و گەشەدەدات بە پاڵنەر و خۆشەویستی بۆ نوێگەریی لە کاری هونەرییدا زیاد دەبێت.

## دووەم/ دارشتنی وێنەکێشان:

وێنەکێشان پێویستی زۆری بە داڕشتن هەیە، کاتێك داڕشتنی وێنەکێشان بە شێوازێکی زانستیی لە زانکۆ و ناوەندە فێرکارییەکان، وەکو پەیمانگا دەخوێندرێت، بایەخی زۆری هەیە، بە تایبەت کە داڕشتن نوێگەریی و داهێنانی تێدابێت و لەسەر بنەمای یاسا و ڕێسای فێرکاریی بابەتی داڕشتنی وێنەکێشان کە دەخوێندرێت، سەرجەم ئەو تەکنیك و شێوازانە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی بوارەکە. توێژینەوەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر داهێنان، کە داڕشتنی وێنەکێشان بەرەوپێش دەبات و توانای فێرخوازان بەرەوپێشدەچێت لە بابەتی داهێنانی هونەرییدا. ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە لە هۆشیاریی و کەسێتیی فێرخواز و پێداویستیی و خواستەکانی و توانای داهێنەرانە ڕەنگدەداتەوە. دروستکردنی یەك داڕشتنی دروست ئەتوانین بە شیکار و لێکۆڵینەوە لە چالاکی وێنەکێشاندا ڕەنگبداتەوە، بۆیە گرنگە ناوەندە فێرکارییەکان کاربکەن بۆ دروستکردنی فێرخوازێکی شارەزا لە بواری داڕشتندا. یەکێك لەو دامەزراوانەی کە توێژینەوەیەیان ئەنجامداوە چالاکیی فێرخوازان لەسەر بنەمای داهێنان لە بابەتی داڕشتنی وێنەکێشاندا سەرکەوتووبونە. بۆ گەشەپێدانی توانای فێرخوازان پێویستە بە شێوازێك بەرنامەڕێژیی بکرێت، کە توانای فێرکاریی داڕشتن لە بواری تیۆریی و پراکتیکی داڕشتنی وێنەکێشاندا پەرەپێبدرێت و لە ئەنجامدا گەشە بە لایەنی داهێنان بدرێت (Botir,2020,8).

لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی شیکاری ڕەهەندەکانی داڕشتنی وێنەکێشان. دەرکەوت کە بیرۆکەی نوێی تایبەتمەند بە داڕشتن و تەکنیکی نوێ بۆ بینای وێنەکێشان کاریگەری زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری وێنەکێشان لە ڕێگەی شیکاری داڕشتنی وێنەکێشاندا هەیە. شێوازی بیرکردنەوەی نوێ لە داڕشتندا بایەخی فێرکاریی زیاددەکات بۆ فێرخوازان و هونەرمەندان چالاکتریان دەکات ( 2020,2، Shao and Jiaing). داڕشتن هەمیشە جێگەی سەرنج و گفتوگۆ و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی توێژەران و بیرمەندان و هونەرمەندان بووە، لە ڕاستیدا داڕشتن دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی دێرین، لە سەردەمی کلاسیکدا بۆ هەڵسەنگاندنی کاری هونەریی تەواو و داواکراو لەسەر پێوەری تەناسب و هەماهەنگی لەنێوان بەشەکان و کۆی بەشەکان بوو. ئەفلاتونی فەیلەسوف گشتی ئەندامەکان (ئیستعارە) دەربارەی کاری هونەریی بەکاردەهێنا، لەم ڕوانگەیەوە داڕشتن (خەلقکردن جیاواز لە وەحدەت) بە یەکانگیر پێناسەدەکرد، ئەرستۆ لەو باوەڕەدابوو یەکپارچەیی کاری هونەریی پێویستە بە شێوەیەك بێت، کە ( ئەگەر هەر یەك لە بەشێك بگوازرێتەوە یان بسڕێتەوە ئەوە ئەو گشتییەی کارە هونەرەیەکە لەناوبچێت یان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت). بەمانایەکی تر، واتە بەش سەر بەگشتە و گشتیش سەر بە بەشەکانە و وابەستەن بەیەکەوە لە کاری هونەریدا، بەڵام بە شێوەیەکی زیاتر لەم دواییانەدا، داڕشتن لە کاری هونەرییدا جێگە و پێگەی خۆی گرت.

هەتا لە سەردەمی مۆدێرنەدا، کە ڕەخنەی لە سەرجەم کارە هونەرییەکان دەگرت، بەڵام هیچ ڕەخنەیەکی لە بابەتی داڕشتن نەدەگرت. بە مانایەکی تر لە هونەری مۆدێرنەدا، کە ڕەخنەگرتن پانتایەکی گەورەی داگیرکردبوو، بەڵام ڕەخنە لە بابەتی داڕشتن نەبوو، وەفاداربوو بۆ یاسا و ڕێساکانی داڕشتن و لە کاری هونەرییدا ڕەخنەی لە شێوازی داڕشتن نەدەگرت. لە کاتێکدا لە کۆنەوە هەتا ئێستا هەوڵ

و کۆشش بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتن لە یاسا و ڕێساکان و ڕەگەزەکان لە بابەتی دارِشتندا بەردەوامیی هەیە (پاکباز،٢٠٠٨،٣٧٦).

فێربوون پرۆسەیەکی عەقڵیی زۆر ئاڵۆز و هەمەلایەنەیە و ژمارەیەکی زۆر پرۆسە و چالاکی و توانستی تر لەخۆدەگرێت، کە بە وەرگرتن و هەستپێکردنی وروژێنەرەکان لەلایەن هەستەوەرەکانەوە دەستپێدەکات، دواتر گەیاندنی بە مێشك و عەمبارکردن و لێکدانەوە و درکپێکردن و وەڵامدانەوە لە ڕێگەی ماسولکەو گلاندەکانەوە، کۆتاییان دێت و دواجار زۆر پرۆسەی عەقڵیی وەك بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بەراوردکردن و دروستکردنی پەیوەندییەکان ڕوودەدات. بۆئەوەی بزانین فێربوون ڕوویداوە، ئەوا دەبێت ڕێگەی بەراوردکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئەمڕۆ بە دوێنێ و ئەمڕۆ بە سبەی، پێوانەی ئەو گۆڕانکارییانە بکەین، ئینجا ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانە لە ئەنجامی کاروچالاکی و پرۆسەی فێربوونەوە ڕوویدابوو، ئەوا مانای ئەوەیە کە ئەو فێربوون و ڕاهێنان و کاروچالاکییەکان کاریگەریی خۆیان هەبووە.

فێربوون بریتییە لە گۆڕانکاری کردن لە ڕەفتار ئەویش لە ڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامییش لەخۆدەگرێت. واتە تاك لە هەوڵ و کۆششدا دەبێت، تا دەگاتە هێنانەدی حەزوئارەزوو ئامانجەکانی. یا فێربوون بریتییە لە گۆڕانکاریی نیمچە نەگۆڕ لە توانا و لێهاتووییەکانی فێرخواز. ئەویش لە ڕێگەی ڕاهێنان و کارکردنی پاداشتی کراوەوە. فێربوون بریتییە لە چاکسازی و باشبوونی بەردەوامی ڕەفتار، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی سەرنجدانەوە ئەو چاکسازیی و باشبوونە هەستپێبکرێت، ئەویش بە هەستپێکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئەنجامی فێربوونەوە ڕوودەدەن (قەرەچەتانی،٢٠٠٨،١٧).

ئامانجی ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە لەسەر بایەخ و گرنگی دارِشتن کاردەکەن، یان لێکۆڵینەوە دەکەن لەسەر دارِشتنی وێنەکێشان گرنگترین ئامانجیان لە وانەی فێرکاری دارِشتن لە هونەری شێوەکاریدا گەشەپێدان، هێزی داهێنان توانای داهێنەران و ئەفراندنی فێرخوازانی بواری هونەرە. هەموو ئەو فێرخوازانەی لە سەرانسەری جیهاندا، کە تەندروست لە ڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە ئەتوانن دوای تێپەڕینی خولی سەرەتایی دارِشتن لە هونەری شێوەکاریدا دەستبکەن بە کاری داهێنەرانەی هونەریی و کارێکی هونەریی بەنرخ و سەرکەوتوو بەرهەمبهێنن (حلیمی،٢٠١٢،٧).

بابەتی دارِشتنی وێنەکێشان بابەتێکی گرنگە لە بواری وینەکێشاندا، بابەتی دارِشتنی وێنەکێشان بابەتێکی لاوەکی نییە، لە تابلۆدا، بەڵکو دارِشتن لە ئەفراندنی وێنەکێشاندا بابەتێکی سەرەکییە. ئەم ئەفراندنەش بە دوو شێوە دەبێت و چالاکییەکە یەکپارچە دەکات: پێویستە بە ئازادانە بەیانبکرێت ئەویتریان پێویستە، کە هەیکەلبەندیی ڕەگەزەکانی شایستەی بیرکردنەوە (هێڵ،مەلمەس،ڕەنگ، شێوە، تناسب، سێبەر، ڕوناکی) پێویستە کۆنترۆڵبکرێت. پێویستە بینای دارِشتن بە شێوازێکی زانستیی دروست فێربکرێت، لەبەرئەوەی هەماهەنگی لە تابلۆدا دروستدەکات. لەم ڕوانگەیەوە، کە بابەتی دارِشتن بابەتێکی گرنگ و سەرەکی پرۆگرامی فێرکارییە، پێویستە فێرخواز لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان بە شێوازێکی زانستیی دروست بیخوێنێت. هەربۆیە دارِشتنی وێنەکێشان بە پێویستییەکی فێرکاریی پڕبایەخ دەزانین بۆ قۆناغی خوێندن لە پەیمانگا و پێویستە بە باشترین شێوە خوێندکارەکان ئاشنایی تێدا پەیدابکەن. پاڵنەر لە لای هونەرمەند کارێکی گرنگە، هەربۆیە پێویستە هەوڵی ئەوە بدرێت، کە پاڵنەر بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی فێرخواز بەکاربهێنرێت ، بەڵام تابلۆیەك کە لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانە بن لە بینای دارِشتندا کارێکی سەرکەوتووانە دەبێت بۆ هونەرمەند، ئەگەر پاڵنەری زۆری هەبێت لە ڕەوەندی کاری هونەرییدا.

## دووەم چەمکی دارِشتنی وێنەکێشان:

یەکێك لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە جێگەی سەرنج و گفتوگۆیە لە هونەری شێوەکارییدا، دارِشتنە(Composition) لە وێنەکێشان و هێڵکاریدا. بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە دارِشتنی وێنەکێشان یەکێك لە سەرەکیترین بابەتی یاساوڕێسای هونەری شێوەکاریی و دارِشتنی وێنەکێشان و هێڵکارییە، لە هونەری شێوەکارییدا دارِشتنە، کە (بۆئەوەی بە جیاوازیی یان بردنەپێشەوەی بەشەکانی دیداری کارێکی هونەر دەرکەوێت) دارِشتنی پێدەوترێت، یان دەتوانرێت ڕێکخستنی ڕەگەزە بینراوەکانی بە شێوەیەکی دروست کارە هونەرییەکە دەربخات. بابەتی

دارشتنی وێنەکێشان جیاوازە لە بناغەی کاری هونەریی. بۆ نموونە کارێکی هونەریی لە ڕوانگەی چەمکەوە لە ئاستێکی باڵادا بێت. بۆ نموونە هونەرمەند بابەتێکی سەرنجراکێش و کاریگەری بۆ کارێکی هونەریی هەڵبژاردبێت، بەڵام لە ڕوانگەی دارشتنی بابەتەکەوە لە ئاستێکی لاوازدابێت، یاساوڕێسا و ڕێکارەکانی دارشتنی لەبەرچاونەگرتبێت. هەر کارێکی هونەریی باش پێویستە ڕەچاوی ڕێکارەکانی دارشتنی تێدابێت. پێویستە تەواو قابیلی قبوڵ بێت و پێویستە ڕێکارەکانی کارە هونەرییەکەی لەبەرچاوگرتبێت و هەماهەنگ بێت بە بەشەکانی تر. بەو مانایەی کە ئەگەر شتێ لە کارێکی هونەریی نیشانبدرێت، یان ساتی کێشانی یەك وێنەی داستان ئامێزبێت. پێویستە سەرجەم بەشەکانی دارشتن پەیڕەوکرابێت، بۆ نموونە ئەگەر وێنەی کەسێك بکێشرێت کە بە تەواوی ڕەچاوی شیکاریی و توێکاریی فیگەرەکە کرابێت لە ڕووی هاوسەنگیی و توێکاریی. بەڵام هونەرمەندەکە ڕەچاوی دارشتنی نەکردبێت، یان لە ڕووی دارشتنەوە لاوازبێت لە ڕووی هەڵبژاردنی جێگەی فیگەرەکە لەناو تابلۆکەدا و پەیوەندی بەشەکانی تابلۆکە بەیەکترەوە لاواز بێت. ئەوا سەرنجراکێش نابێت، لێرەدا گرنگی و بایەخی دارشتنی وێنەکێشانمان بۆمان ڕووندەبێتەوە. دارشتن یانی بەیەکەوەبوونی بەشەکان و دروستکردنی پەیوەندی نێوان بەشەکان، ڕێکارەکانی دارشتن پێویستە بە شێوەیەکی زانستیی و فێرکاریی دروست جەختبکاتەوە لە نوێگەریی، و ئاگایانە بخوێنرێت زۆر بە دوور دەزانرێت، کە کەسێك بەبێ شارەزایی و بینینی فێرکاریی پێویست، بە شێوازێکی سەرکەوتووانە دارشتنێك دروستبکات.( اکبر زادە،٢٠١٦،٦٣). فێرکاریی دارشتن لە هونەری وێنەکێشاندا بابەتێکی سەرەکییە بۆ مامۆستا، کاتێك پلانی فێرکاریی هونەریی دادەڕێژێت، بابەتی فێرکاریی و شێواز و تەکنیکی وێنە لە دارشتندا بە فێرخوازان، تا ڕادەیەکی زۆر لە لای فێرکار گرنگە و جێی بایەخە، بابەتی بەرزکردنەوەی توانای کەسێتی فێرخوازان ناسینی خودیی و بەرزکردنەوەی ئەندێشە و بیری داهێنەرانە لە مێژووی هونەری شێوەکارییدا لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە تا سەردەمی مۆدێرنە جێی بایەخ و گرنگیپێدان بووە. گەشەپێدانی توانای دارشتن پەیوەستە بە توانای تەنها کەسییەوە و بەرزکردنەوەی توانای دارشتنی وێنەکێشان بەڵگەی تایبەتمەندیی وێنەکێشانە و تایبەتمەندیی چالاکیی وێنەکێشانە. وێنەکێشان پێویستی بە دید و تێڕوانینی دیاریکراو بۆ شێوە و کێشانی دارشتنی وێنەکێشان هەیە. فێرکاریی لە بابەتی دارشتن وێنەکێشاندا لە یەکێك لە زانکۆکان لەسەر بناغەی یاسای فێرکاریی و تایبەتمەندیی دارشتن بە تەکنیکی وێنەکێشان لە بەرچاوگیراوە. توێژینەوەکە لە بارەی شێوەی توانای هونەریی فێرکاران لە ئۆزپاکستان و زانایانی ڕوسییە توانراوە شێوەی تواناکان لە چوارچێوەی وردبینی لە کەسێتیدا لەبەرچاوبگیرێت و بینا و کەسێتی لەسەر بنەمای شیکاریی و پەیوەندی و پێداویستییەکان و تواناکان دەرئەنجامی هەبێت. دارشتن(composition) ، بابەتی دارشتن مانا ئەدات بە تابلۆکە و بابەتەکە ڕۆشندەکاتەوە لە ڕووکەشدا ئەندازەداردەبێت قەبارە پەیدادەکات، دابەشکردن و قووڵی فضا، پەیوەندی دروستدەکات لەنێوان پێشەوەی ڕووبەری و پشتەوەی ڕووبەری تابلۆ، ڕێکخستنی کەرەستەکان، هاوکێشکرنی مەبەست، شێوە و ژمارەی کەرەستە و ژینگەی پێویست، پۆلێنکردن، دژەکانی:(ڕوناکی - تاریکی، گەورەیی - بچوکی،تەختی، هێڵ) ڕەگەزەکانی شێوە(ئاسۆی،ستونی، لار، گۆیی. زاراوەی دارشتن بۆ یەکخستنی کارێکی هونەریی بەکاردێت. دارشتنی هێڵی(composition (Linear، ئەم شێوازە لە دارشتن شێوازێکە، پێکدێت لە هێڵێك، کە دەبێتەهۆی دروستکردنی وێنە- سروشتی یا ئەبستراکی – پێشەوەی کە شکڵەکان ڕەنگین و سێبەری ڕەنگیانی و بارز بێت. دارشتنی ڕەنگ(( colour composition، کاری ئەم شێوازە دارشتنەیان ڕێکخستن و تەرتیبی ڕەنگەکانە لە یەك کاری هونەرییدا، لەسەر بنەمای یاسای هەماهەنگیی، تەبایی، دووبارەیی.(پاکباز،٢٠٠٨،١٦١). وێنەکێشان پێویستی زۆری بە دارشتن هەیە، کاتێك دارشتنی وێنەکێشان بە شێوازێکی زانستیی لە زانکۆ و ناوەندە فێرکارییەکان دەخوێندرێت بایەخی زۆری هەیە، لەسەر بنەمای یاساوڕێسای فێرکاریی بابەتی دارشتنی وێنەکێشان دەخوێندرێت، کە سەرجەم تەکنیك و شێوازەکانی، لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت. توێژینەوەکان جەخت لەسەر گەشەی دارشتنی وێنەکێشان دەکەنەوە، توانای فێرخوازان بەرەوپێشدەچێت لە بابەتی داهێنانی هونەرییدا. ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە لە هۆشیاریی و کەسێتی فێرخواز و پێداویستی و خواستەکانی و توانای داهێنەرانە ڕەنگدەداتەوە. دروستکردنی یەك دارشتنی دروست دەتوانێت بە شیکار و لێکۆڵینەوە لە چالاکیی وێنەکێشاندا ڕەنگبداتەوە، بۆیە گرنگە ناوەندە فێرکارییەکان کار بۆ دروستکردنی فێرخوازی شارەزا لە بواری دارشتندا بکەن. یەکێك لەو دامەزراوانە، کە توێژینەوەیەکیان ئەنجامداوە، چالاکیی فێرخوازان لە سەر بنەمای


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

داهێنان لە بابەتی دارِشتنی وێنەکێشاندا سەرکەوتووبونە. بۆ گەشەپێدانی توانای فێرخوازان پێویستە بە شێوازێك بەرنامەڕێژی بکرێت، کە توانای فێرکاریی دارِشتن لە بواری تیۆری و پراکتیکیدا پەرەی پێبدرێت و لە ئەنجامدا گەشە بە لایەنی داهێنان بدرێت. دارِشتن هەمیشە جێگەی سەرنج و گفتوگۆ و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی توێژەران و بیرمەندان و هونەرمەندان بووە، لە ڕاستییدا دارِشتن دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی دێرین، لە سەردەمی کلاسیکدا بۆ هەڵسەنگاندنی کاری هونەری تەواو و داواکراو لەسەر پێوەری تەناسوب، هەماهەنگی لەنێوان بەشەکاندا هەبووە. ئەفلاتونی فەیلەسوف گشتی ئەندامەکان(ئیستعارە)ی دەربارەی کاری هونەری بەکاردەهێنا، لەم ڕوانگەیەوە دارِشتن (خەڵقکردن جیاواز لە وەحدەت)ی بە یەکانگیر پێناسە کردووە، ئەرستۆ لەو باوەڕەدابووە، یەکپارچەیی کاری هونەری پێویستە بە شێوەیەك بێت کە ( ئەگەر هەریەك لە بەشێك بگوازرێتەوە یان بسڕێتەوە ئەوە ئەو گشتێتییەی کارە هونەرەییەکە لە ناوبچێت یان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت). بە مانایەکی تر، واتە بەش سەر بە گشتە، گشت سەر بە بەشەکانە و لە کاری هونەرییدا وابەستەن بەیەکەوە، بەڵام بە شێوەیەکی زیاتر لەم دواییانەدا دارِشتن لە کاری هونەرییدا جێگە و پێگەی خۆی گرتووە. هەتا لە سەردەمی مۆدێرنەدا، کە ڕەخنەی لە سەرجەم کارە هونەرییەکان دەگرت، بەڵام هیچ ڕەخنەیەکی لە بابەتی دارِشتن نەدەگرت. بە مانایەکی تر لە هونەری مۆدێرنەدا، کە ڕەخنەگرتن پانتاییەکی گەورەی داگیرکردبوو، بەڵام ڕەخنە لە بابەتی دارِشتن نەبوو، وەفاداربوو بۆ یاساوڕێساکانی دارِشتن و لە کاری هونەرییدا ڕەخنەی لە شێوازی دارِشتن نەدەگرت. لە کاتێکدا لە کۆنەوە هەتا ئێستا هەوڵ و کۆشش بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتن لە یاساوڕێساکان و ڕەگەزەکانی بابەتی دارِشتندا بەردەوامی هەیە.(پاکباز،٢٠٠٨،٣٦٧). لە بابەتی دارِشتندا ئامانج ئەوەیە، کە هونەرمەند بە باشی بە وەحدەت یان یەکبوون، بە سەرنجدان لە تەکنیکەکانی دارِشتن لە هونەری وێنەکێشاندا و سودبینین لە خاڵە سەرەکییەکان و هەنگاوە دروستەکانی بەکارهێنانی دارِشتنی وێنەکێشان کارێکی باشی هونەری بەرهەمدێت. لە ڕێگەی شیکار و لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندەکانی دارِشتن و بەرنامەڕێژی بۆ وێنەکێشان، هەروەها بە سەرنجدان لە دارِشتنێکی دروست و پێزانینی هەنگاوەکانی فێرکاریی و ئەزمونی کارکردن لە دارِشتنی وێنەکێشاندا بە تایبەت بۆ فێرخوازانی بواری هونەری. لە ڕاستییدا بەرنامەڕێژی بۆ بیناکردن و دروستکردنی بەرنامەیەکی بە ناوەڕۆك، یا ئاست بەرز بە پێویستییەکی گرنگ دەزانرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وێنەکێشان. کارێکی هونەریی ئاست بەرز و زیندو و نوێ، کە سەرنجڕاکێش بێت، پێویستە بیر لە کارێکی بەهێز بکرێتەوە. تەنها لە ڕێگەی دارِشتنی وێنەکێشانەوە دەتوانرێت فێرخوازانی بواری هونەری ئاراستەبکرێن(Shao., & Qin.2020, p.267).

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

لە توێژینەوەیەی( Mukhamod-Umar) جەخت لە کاریگەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە سیستەمی نوێی فێرکاریی لە هونەرەجوانەکاندا دەکاتەوە، بە تایبەت لە بەشی شێوەکاریی وانەی دارِشتندا، کە بایەخی زیادی هەیە لە ئەنجامی کارێکی فێرکاری لەسەر ڕۆشنایی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەبێتەهۆی گەشەپێدانی تواناکانی فێرخوازان لە ڕەوندی کاری فێربوون و بەرهەمهێنانی کاری هونەرییدا. مامۆستای پێشکەوتوو لە ئەزمونی خۆی و سروشت و ژینگەی ئازاد، بە زانیاریی نوێ لە پرۆسەی وانەوتنەوە سودمەند دەبێت، مامۆستا لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای فێرکارییەوە لە وانەی هونەر بەهەرمەند دەبێت و ئاوێتەی تێگەیشتنی ناوەڕۆکی بابەتەکە دەبێت لەگەڵ فێرخوازاندا، بە گفتوگۆ و تیۆری و کاری پراکتیکی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی، کە گەشەپێدانی توانا و لێهاتوویەکانی فێرخوازانە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاری هونەرییدا. پێویستە وانەکە بە شێوازێك بەرنامەڕێژی بکرێت، کە فێرخوازان بەهۆی کاریگەری و ئاراستەی بیرکردنەوەی نوێ و زانستیی، شێوازی جیاواز لە وانەکە دروستبکەن. دارِشتن واتە ڕێکخستن و یەکبوون و بینا و پەیوەندیی، واتە شوێنی بەیەکگەیشتنی کاری هونەریی لە ڕوانگەی مەبەست و ناوەڕۆك و ئامانجی کەسەکەوە، لە هونەرەجوانەکاندا هێڵ و شکڵ و ڕەنگەکان پێکەوە پەیوەستدەکات و ڕێکیاندەخات. بناغەی دارِشتن یانی وردەکاریی دیقەت لە فۆرم و هەماهەنگی لە بەرانبەر ئەوانەدا لە دڵی یەك کارێکی هونەری سەر هەڵدەدات(Akhmedov, ).p.٣)، Kholmatova,2021 & یەکێکی تر لەو توێژینەوانە(Nazim,Nigmatjon) 2020 ( بە ناونیشانی( گەشەپێدانی توانای داهێنەرانە لای فێرخوازان لە ڕێگەی دارِشتنی وێنەکێشانەوە، ئەگەر بە شێوازێکی زانستیی و ڕێکخراو بێت)، ئەوا وانەی هونەرەجوانەکان دەبێتە هۆی

وەرگرتنی بەهرە و گەشەپێدانی لێهاتوویی و هێڵکاری وێنەکێشان لە وانەی داڕشتنی وێنەکێشاندا. جەختدەکاتەوە کە یەکێك لە کلیلەکانی سەرکەوتن لە کاری هونەری وێنەکێشاندا بەردەوامیی و گەڕانەوە سەر کارێکی هونەرییە لە دوای داڕشتنی وێنەکێشیی و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێیە بۆ دروستکردنی شێوازی نوێ لە کاری تابلۆدا، هەروەها یەکێکی تر لەو کاریگەرییانە، بریتییە لە شێوازی هەڵبژاردنی دروستی داڕشتنەکە و نوێگەریی و داهێنانە(Nazim,Nigmatjon,226). هەروەها لەیەکێکی تر لەو توێژینەوانەیەی بەناوی(خسرو،زندەروان) کە تیشکدەخاتەسەر ئەوەی سەرچاوەی مێژووی هونەر توانا و ئیمکانییەت دەدات بە هونەرمەندان بۆ نوێگەریی و داهێنانی هونەریی و کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی هونەریی و گۆڕانکاری دەکات لە ڕەوەندی کاری هونەرییدا و کاری هونەرمەندانی ئێرانیی وەك نموونەیەك دێنێتەوە، کە بەردەوامییدان بە مێژووی داهێنانی هونەریی بەدەستدێنن. لە سەردەمی خەلاقییەت و نوێگەریی مۆدێرنەدا ڕەگەزەکانی هونەر و شێوازی داڕشتن و جوانناسیی بیرۆکەی نوێی هونەریی و داهێنانی هونەریی لێکەوتۆتەوە (خسرو،زندەروان،٢٠١٩،٥٦). یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی لەلایەن(رضا) لەساڵی(٢٠٢١) بە ناوی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی و تێگەیشتنی دیداری لە وانەی وێنەکێشاندا، کە توێژینەوەیەکی ئەزموونییە بە مەبەستی گەشەپێدان بە توانا و لێهاتووییەکانی وێنەکێشان. لە کاتی جێبەجێکردنی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، کە دروستکردنی بەرنامەیەکی فێرکاریی لەسەر ڕۆشنایی گەشەپێدان لە وانەی وێنەکێشاندا کاریگەری ئەرێنیی لەسەر گەشەپێدانی لێهاتوویی وێنەکێشان هەیە، هەروەها لە شیکاری دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا ئەرێنیی بوو.(رضا,٢٠٢١: ٥٦)

## بەشی سێیەم

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

١. میتۆدی توێژینەوەکە:بەپێی سروشت و تایبەتمەندیی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکان میتۆدی ئەزموونیی بە مەبەست بەکارهێنراوە.

٢.دیزاینی ئەزموونیی توێژینەوەکە:

بەکارهێنانی دیزاینی ئەزموونیی بە ناوی (کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوی ناهەڕەمەکی) تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونیی بەکارهاتووە، کە یەکێکە لە دیزاینی ئەزموونیی.

٣.کۆمەڵگای توێژینەوەکە: (نموونەی توێژینەوەکە)کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی پەیمانگای هونەرجوانەکان، قۆناغی چوارم - بەشی شێوەکاریی، لقی وێنەکێشان، بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢١-٢٠٢٢) پێکهاتووە، کە ژمارەیان(١٨) خوێندکاربوون، لەو ژمارەیەش (١٢) یان کچ و (٦)یان کوڕن. سەرجەمیان بەپێی دیزاینی ئەزموونیی توێژینەوەکە تەنها یەك کۆمەڵە بوون.

**(خشتەی کۆمەڵەی توێژینەوەکە)**

| ژ | ڕەگەز | ژمارەی خوێندکار |
|---|---|---|
| 1 | کچان | 12 |
| 2 | کوڕان | 6 |
| 3 | سەرجەم | 18 |

## دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە:

بریتییە لە دیزاینی تاقە گروپێك کە تاقیکردنەوەی پێشوەخت و کۆتایی بۆ کراوە،

١. بەرلەوەی گروپەکە ڕووبەڕووی گۆڕاوی سەربەخۆ بکرێتەوە.، لەسەرەتادا بەمەبەستی دڵنیا بوون لە ئاستی تاقیکردنەوەی پێشوەختمان بۆ ئەنجام دا بوو.

٢.پاشان پێداویستیەکانیمان دیاریکرد(حاجات) دواتر بەرنامەیکی فێرکاریمان بیناکرد لەسەر ڕۆشنای پێداویستی و ڕای شارەزایان و کتێب وسەرچاوەی زانستی تر.

٣. پاشان خوێندکاران ڕووبەڕووی گۆڕاوی سەربەخۆ بوونەوە، بەمەبەستی زانین و تێگەیشتنی ئەو فاکتەرە ئەزموونیەی کە توێژ ر بە نیازە ڕۆڵ و کاریگەییەکەی بزانێت و دیاری بکات.

٤.دواجار تاقیکردنەوەی کۆتای ئەنجامدرا .

٥. دواجار لە ڕێگەی پرۆسەیەکی ئامارییەوە، جیاوازی نێوان هەردوو تاقیکردنەوەی (یەکەم و دووەم) بۆ گەیشتن بەو زانیاری و ڕاستی و گۆڕانکارییە کە لای خوێندکاران ڕوویاندا بوو دەستنیشان کران.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

## ڕاستگۆیی:

ڕاستی بریتییە لە توانایی ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی، کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات(بۆکانی،٢٠٢٠،١٥٣). بەرلە دروستکردنی ڕاستگۆی فۆرمێکی کراوەی ڕاپرسی کراوە ئامادەکرا لە لایەن توێژەر بەمەبەستی زانینی بیروڕای شارەزایان بۆ ئامادەکردنی فۆرمێکی داخراو ئامادەکرنی خشتەیك و ناونیشانێك بۆ بابەتی دارشتنی تابلۆ و فۆرمێکی داخراو بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ دارشتنی وێنەکێشان. دواتر فۆرمێکی داخراو دروستکرا کە لە (٨٠) برگە دروستکرا و دواتر ڕاستگۆی بۆ دەرهێنرا لە لایەنە کەسانی شارەزا لە ڕوی پەروەردەی هونەری و زمانەوانی و لایەنی دەرونی برگەکانی کەمکرایەو بۆ( ٧٢) بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئامادەکردنی فۆرمێکی و خشتەیك کە لە ١٦ برگە پێکهاتبوو پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی دارشتنی تێدا بوو دوای ڕاستگۆی بۆ دارشتنی تابلۆش دەرهێنرا. دواتر ڕاستگۆی ڕواڵەتی وڕاستگۆیی ئەزموونی بۆ دەر هێنرا.

## جێگیری:

جێگیری پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە دانانی پێوەر، جێگیری بە واتایە دێت کە چەند جار ئەوتێستە دووبارە بکەیتەوە لە سەر هەمان نمونەی توێژینەوەکە، ئەوا دەبێت هەمان دەر ئەنجامی یان ئەنجامێکی نزیکمان بداتێ(قەرەچەتانی،٢٠١٨،١٣٠).چەمکی جێگیری بە واتایەدێت کە ئامرازەکە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدیبهێنێت ئەگەر دووجار بەسەر هەمان گروپدا جیبەجێبکرێتەوە (بۆکانی،٢٠٢٠،١٥٦).

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی جێگیری دووبارە تاقیکردنەوە(Test- retest) جێگیری کرونباخ- الفا(Cronbach- Alpha ) بۆ هەریەك لە پێوەرەکانی توێژینەوەکە. ئەنجامی توێژینەوەکە لە خشتەی خوارەوە خراوەتە ڕوو.

خشتەی جێگیری

| پێوەرەکان | (Test- retest)دووبارە تاقیکردنەوە | (Cronbach- Alpha )جێگیری کرونباخ- الفا |
|---|---|---|
| بیرکردنەوەی داهێنەرانە | 0.58 | 0.83 |

ئامادەکردنی بەرنامەیەکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی دارشتنی وێنەکێشان لەبەر ڕۆشنایی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

هاوکێشە ئامارییەکان:

١. بە بەکارهێنانی هاوکێشەی Wilcoxon Test بۆ زانینی ئەو جیاوازییەی کە لە تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) و تاقیکردنەوەی دووەم (post-test)دادەستکەوت.

٢. بە بەكارهێنانی هاوكێشەی Mann Whitney U test بۆ زانینی جیاوازیی لە نێوان ڕەگەز(كچ- كوڕ) سەبارەت بە كاریگەری بەرنامە فێركارییەكە.

٣. دووبارە تاقیكردنەوە(Test- retest) جێگیری كرونباخ- الفا(Cronbach- Alpha ).

## پوختەی بەرنامەكە:

بەرنامە فێركارییەكە لەبەر ڕۆشنایی بیركردنەوەی داهێنەرانە بینا و دیزاینكراوە، كە ئامانج تێیدا گەشەپێدانە بە توانا و لێهاتووییەكان لە وانەی دارشتنی وێنەكێشاندا، كە وانەیەكی گرنگە لە بینا و ڕێكخستنی تابلۆدا. بەرنامە فێركارییەكە بە شێوازێكی زانستیی دارێژراوە، كە سەرجەم قۆناغەكانی تێدا بەرجەستە بووە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بەرنامەیەكی فێركاریی پێشنیازكراوی ئامادەكرد، بۆ بابەتی دارشتنی وێنەكێشان بەسەر خوێندكارانی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرەجوانەكانی چەمچەماڵ، بەشی شێوەكاری، وێنەكێشان بە زمانی كوردی.

## ١. ئامادەكارییەكانی بەرنامە فێركارییەكە:

سەرەتا لە ڕێگەی ڕاپرسییەكی كراوەوە بە مەبەستی ڕاوەرگرتنی كەسانی شارەزا لە بواری پەروەردەی هونەر و بەرنامەسازان و مامۆستایانی بەئەزموونی وانەی دارشتنی هونەر، ئامادەكاری بۆ وەرگرتنی تێڕاوانینیان بۆ دروستكردنی فۆرمێكی داخراو بۆ بەرنامەكە كرا. لە دەرئەنجامی ئەو ڕاپرسییە و بە سودوەرگرتن لە سەرچاوەی زانستیی، توێژەر گەیشت بە دیزاینكردنی فۆرمێكی ڕاپرسیی داخراو، بۆ بیركردنەوەی داهێنەرانە لە دارشتندا، كە لە (٨٠) برگە پێكهاتبوو. دوای وەرگرتنی ڕاوێژ و بیرەكان، ڕاستەوخۆ كرا بە (٧٢) برگەوە، هەروەها بۆ دروستكردن خشتە و پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی دارشتنی تابلۆكە و هەڵبژاردنی ناونیشان و شێواز، كە دوای ڕاوەرگرتن و دەركردنی ڕاستگۆیی، گۆڕانكاریی كراو ناونیشان شێوازێك دەستنیشانكراو دواتر جێگركرا و لە پەیمانگای هونەرەجوانەكانی كەركوك، قۆناغی چوارەمدا بەسەر ١٥ خوێندكاردا جێبەجێكرا و تاقیكردنەوەی یەكەم و دوای دوو هەفتە تاقیكردنەوەی دووەم كرا. دوای جێگیریی و ڕاستگۆیی، لەسەر كۆمەڵگەی توێژینەوە بەسەر خوێندكارانی پەیمانگای هونەرەجوانەكاندا جێبەجێكرا، قۆناغی یەكەم تاقیكردنەوەی یەكەم كرا، دوای شیكاریی داتاكان و دەستنیشانكردنی پێداویستییەكان و دیاریكردنی خاڵی لاواز و بەهێزی دواتر دەستكرا بە دارشتنی بەرنامەیەكی فێركاریی لەسەر بنەمای بیركردنەوەی داهێنەرانە لە وانەی دارشتنی هونەر، دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن شارەزایانی بواری هونەر و پرۆگرامسازیی بەرنامەكە گەیشتە قۆناغی كۆتایی و تەواوبوو، كە بە شێوازێكی زانستیی ورد هەموو لایەنەكانی بەرەوپێشخستنی ئاستی فێرخوازانی لەبەرچاوگرتبوو، بە سودبینن لە سەرچاوەی زانستیی كتێب و توێژینەوە و ئەزموونی شارەزایان و توێژەران، دەستكرا بە جێبەجێكردنی لەسەر فێرخوازان، بەرنامەكە لە ١٢ بەش پێكهاتبوو بۆ هەر بەرنامەیەكیش نەخشەسازیی و پلانی ورد دانرابوو، كە سەرەتا و دەستپێك و ناوەرۆك و دواتر دابینكردنی پێداویستییە مرۆیی و مادییەكان و هەروەها كەرەستەی هونەریی و پەروەردەییەكانی بۆ ئامادەكرا، هاوكات كات و شوێن لە ڕێگەی خشتەیەكەوە، كە پلانی وتنەوەی وانەكەی بە شێوەیەكی بیركردنەوەی داهێنەرانە تێدا بەرجەستەكرا بوو دیاریكرا.

## ٢.ماوەی ئەزموونی توێژینەوەكە:

ماوەی جێبەجێكردنی بەرنامە فێركارییەكە بۆ خوێندكارانی كۆمەڵەی ئەزموونی بریتیی بوو لە (٦) هەفتە، لە هەر هەفتەیەكدا دوو ڕۆژ و بۆ ماوەی هەر وانەیەك ( ٣) كاتژمێر تەرخانكرابوو، وانەكانیش بە شێوەی تیۆریی وكارەكیی بوو بەپێی ئەو ماوەیەی كە بۆ وانەكە دەستنیشانكرابوو. بۆ خوێندكارانی پەیمانگای هونەرەجوانەكانی چەمچەماڵ، بەشی شێوەكاریی، لقی وێنەكێشان - قۆناغی چوارەم، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) لە (٢٠٢١/٢/١)ەوە دەستپێكرد، تا (٢٠٢١/٤/١٤)، كە تاقیكردنەوەی كۆتایی ئەنجامدرا بەردەوامبوو.

٣.هەر لەم ڕوانگەیەوە توێژەر دیزاینی بەرنامەیەكی فێركاریی لەسەر بنەمای بیركردنەوەی داهێنەرانە كردووە، كە لە (١٢) وانەی (تیۆریی

و پراکتیکی) پێکهاتووە، ئەمەش لە ئەنجامی ڕاوێژ و گفتوگۆی کەسانی شارەزا و بە ئەزموون و سەرچاوەی زانستیی (کتێب و توێژینەوەی زانستیی)ەوە سەرچاوەی گرتووە. توێژەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە وەڵامدەرەوە و چارەسەری ئەرێنیی ئەو گرفتە بداتەوە، کە بەشێکی فێرخوازان لە کاتی بەرهەمهێنانی کاری هونەریی ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەرنامەکە بە شێوازێکی زانستیی داڕێژراوە و ڕێکخراوە، کە توانای فێربوون و فێرکاریی لای فێرخواز بەرزبکاتەوە، پلان و شێواز و پێداویستییەکانی بۆ فەراهەمکراوە، ئەمەش لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە و هەنگاوەکان و ڕەوەندی دروستکردن و دیزاینکردنی بەرنامەیەك بە هۆکاری پێداویستیی گرنگیی و گۆڕانکاریی ئەرێنیی لە هەردوو ڕەهەندی تیۆریی و پراکتیکییەوە، لە لای فێرخوازان، کە بە مەبەستی پەرەپێدان و گەشەسەندنی لێهاتوویی و بەهرەکان بۆ خەڵقکردن و ئەفراندنی کاری هونەریی نوێ و داهێنەرانە، کە بتوانێت ئاستی باڵای فێرخواز لە کارە هونەرییەکاندا دەربخات، بە تایبەت لە داڕشتنی وێنەکێشاندا. (یەکێك لە بنەماکانی وێنەکێشان بابەتی داڕشتنی وێنەکێشانە،

## ٣.هەروەها بەرنامەکە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەشکراوە

قۆناغی یەکەم: شیکاریی، کە بەردی بناغەی هەموو قۆناغەکانی دیزاینی فێرکارییە، لەم قۆناغەدا کێشە و گرفتەکان دەستنیشانکران، هەروەها سەرچاوەی کێشە و چارەسەری زانستیی و گونجاو بۆی، هەروەها لە دەرکردەکانی لیستی ئەو چەمکانە، کە دەوترێنەوە پێناسەی کێشەکە و سەرچاوە و ئاستەنگی و تایبەتمەندییەکانی فێرخواز و دیاریکردنی ئەوەی پێویستە بیکات، کە ئەم دەرکردانە دەبنە دەروازە بۆ قۆناغەکانی دیزاینەکە، لێرەدا پێداویستییەکانی فێرخواز هۆکارە گونجاوەکان و ئامانجی وانەکە و ناوەڕۆکی زانستیی و هونەریی گونجاو کاریگەر و شێوازی پێشکەشکردنی گونجا و کاریگەر، دواتر هەڵسەنگاندن بۆ دەرهاویشتە و دەرکردەکان.

قۆناغی دووەم: دیزاینی بەرنامەکە بە شێوازێکی زانستیی دروست کێشراوە، کە ئاماژەیە بۆ هێڵکاریی سەرەتایی بە مەبەستی گەشەپێدانی توانا و لێهاتووییەکان لە وانەی داڕشتنی وێنەکێشاندا، کە ئامانجی توێژینەوەکەیە، لەم قۆناغەدا پەسنی شێواز و ئەو ڕێکارە نوێیانە کران، کە تایبەتن بە چۆنییەتی جێبەجێکردنی ڕەوەندی فێرکردن و فێربوونی سروشتیی، وانەی پراکتیکی و تیۆریی داڕشتنی وێنەکێشانەکە. هەروەها دەستیشانکردن و دیاریکردنی هەڵسەنگاندنی شیاو بۆ هەر ئامانجێك. دەستنیشانکردنی ئامانجی ئەداکردن و ئامانجە ڕێکارییەکان لەسەر بنەمای ئامانجەکانی وانەکە و دەرکردەکانی فێربوون بە تایبەت، کە بۆ پێوانەکردن و پێوەری ئەداکردنی سەرکەوتوو بۆ هەر ئامانجێکی دیاریکراوی توێژینەوە. دەسنیشانکردنی ستراتیژیەتی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە بیناکراوە، بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجی توێژینەوەکە دیزاینکراوە.

**قۆناغی سێیەم:** لە قۆناغی گەشەپێداندا دەرکردەکان و ڕەوەندی دیزاینی بابەتەکە لە هێڵکاری سیناریۆوە دەگۆڕێت بۆ مەودای ڕاستیی و حەقیقی، واتە لەم قۆناغەدا دەبێتە قۆناغی ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی پێکهاتە و بەرهەمە فێرکارییەکان، هەروەها لە ماوەی ئەم قۆناغەدا وانەوتنەوە گەشەدەکات و پێشدەکەوێت، لەگەڵ گەشەندنی هەموو ئەو هۆکارە فێرکارییانەی کە بۆ ڕەوەندی وانەوتنەوەکە پێویستە، لەگەڵ کەرەستە و پێداویستییە گرنگەکانی ئەو شێوازە نوێیەی کە پلانی بۆ دانرابوو لەلایەن فێرکارەوە. بەکارهێنانی هۆکارە فێرکارییەکان لە هۆڵەکانی خوێندن، کە ئامانجی ئەم قۆناغە بە بەدەستهێنانی توانا و لێهاتوویی و چالاکیی جێبەجێدەکرێت. لێرەدا پێویستە کارە هونەرییەکان بە شێوازێك بێت، کە ئامانجە فێرکارییەکە بهێنێتەدی و ئاگایی فێرخواز بە شێوازێکی باڵابێت، کە لە تابلۆ و کارە هونەرییەکهدا بەرجەستە بوویێت.

**قۆناغی چوارەم:** لێرەدا هەڵسەنگاندن لەلایەن فێرکارەوە بۆ فێرخوازان دەکرێت، بۆ دڵنیایی لە هێنانەدی ئامانجە دەستنیاشکراوەکە و دڵنیایی لە قۆناغی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندنی ئەزموونی، بە شێوەیەکی بەرجەستە و مەیدانی بۆ کەرەستە و چالاکییەکانی وانەکە بە شێوازێکی زانستیی کە کارلێك لەگەڵ فێرخواز و بەرهەمە هونەرییەکە بکات. لە سەرجەم قۆناغەکاندا هەڵسەنگاندن بۆ دڵنیایی لە چۆنیەتی و چەندێتی پلان و ئامانجی وانەکە کراوە. هەڵسەنگاندنی پێکهاتەیی کە بریتییە لە هەسەنگاندنی بەردەوام بۆ قۆناغەکان بە ئامانجی

باشکردنی بەرهەمە هونەرییەکان و  دڵنیابوون لە گەشەپێدانی توانا و لێهاتوویی لە دارشتنی وێنەکێشاندا. هەڵسەنگاندنی کۆتایی ئەنجامدرا لە دوا قۆناغی بەرنامە فێرکارییەکەدا  دڵنابووین لە سەرکەوتنی بەرنامەکە بەهۆی کۆکردنەوەی زانیاریی  لەسەر تابلۆ و کارە هونەرییەکان و دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییە داواکراوەکان، کە بۆ پرۆسەی فێربوونەکە دیایکراوە، ئامانجەکە هاتۆتەدی.

## ٤.ستراتیجی فێربوون بە شێوازی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بەرنامەکەدا:

 ستراتیجی فێربوون لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە:  کە بریتییە لە نەخشەرێگا و پلانی تایبەتی، کە جەخت لە داهێنان و نوێگەریی فێرخوازان بۆ فێربوونی بابەتە جیاوازەکان و پرۆژەکانی پرۆگرامی خوێندن و کارامەیی و مەعریفە نوێیەکان، لەلایەن فێرکارانەوە کراوەتەوە. هەروەها فاکتەری سەرەکی بۆ ئەو مەعریفە و کارامەییانەی فێرخواز لە پرۆسەی پەروەردەدا فێریانبووە، بتوانێت بە شێوەیەکی زانستییانە لە هەڵوێستی نوێدا جێبەجێیان بکات. نەخشەرێگا و میکانیزمی تایبەتی فێرخوازە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو، بە کەمترین کات و کەمترین تێچوو. هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە ستراتیجی فێربوون فێرخوازان هاندەدات لە ڕەهەندەکانی مەعریفە و بیرۆکە و چەمکە نوێیەکانی فێریان دەبن باشتر تێبگەین و لە کۆتایی پرۆسەی فێربووندا ئەو بۆچوون و ڕوانگە نوێیانەی کە فێریان دەبن باشتر تێبگەن و  بۆچوون و ڕوانگەی تایبەتی خۆیان لەسەر وێنابکەن و داهێنانی  زانستیی بەرجەستەبکەن، بەڵام فێربوون پرۆسەیەکی ناوەکییە، لەلایەن فێرخوازان دادەڕێژرێت، بە مەبەستی فێربوون و تێگەیشتن، لەو مەعریفە و کارامەیی و چالاکییانەی لە پرۆسەی پەروەردە ئاڕاستەیان بکات. هەڵبەتە ستراتیجی فێربوون کاریگەری لە سەر پاشخان و بونیادی مەعریفیی فێرخوازان هەیە، بۆ نموونە کاتێك لە ژیانی ڕۆژانەیان، یان لە هەڵوێستە نوێیەکانی فێربووندا جێبەجێیاندەکەن، واتە ستراتیجی فێربوون ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پرۆسەی فێربوون و چۆنیەتی هەڵگرتنی یادەوەری درێژخایەن و بە یادهێنانەوە و جێبەجێکردن لە هەڵوێستی نوێدا هەیە. هەندێك جار فێرخواز ناگات بەو ئامانج و مەبەستانەی کە هەوڵی بۆ ئەدات، فاکتەری سەرنەکەوتنی فێرخواز لە پرۆسەی فێربووندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستراتیجیەتەی کە فێرخواز هەوڵەکانی بۆ فێربوونی مەعریفەی نوێ لەسەر چێکردووە. ستراتیج بریتییە لە ئەجێندای یان نەخشەڕێگای فێرخواز بۆ فێربوونی مەعریفە و کارامەیی نوێ، بۆئەوەی بتوانێت فێری کارامەیی و چالاکیی پێویست ببێت. (حەمەدمین، ٢٠١٤،٤٨).

شیکردنەوەی بەرنامە فێرکاریەکە لە ڕووی ناوەڕۆك و پێکهاتەوە ستراکچەوە

خستنەڕوو پێشەکی: لێرەدا فێرکار هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی بابەتی ئامادەکرا و بە شێوازی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

ئامانجەکانی وانەکە: لێرەدا ئامانجە گشتیەکان ورد دەکرێنەوە بۆ ئامانجی بچوکتر و بەشی لەسەر ڕۆشنای بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتی دارشتندا.

ناوەڕۆك:لێرە فێرکار ناوەڕۆکی بابەتی دارشتنەکە بە شێوازی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە تەواوی دەخاتە ڕووی و گفتوگو چالاکی لەبارەوە ئەنجام دەدەن.

ئەنجامدان: لێرەدا ڕێکخستنی چالاکی و بەگەڕخستنی بیرۆکە وتێڕوانیەکانیان دەچێتە بواری کردارەکی و پراکتیزەکردن. ئەو چالاکیانەی کە دانراوە پێشکەش دەکرێت لەگەڵ کارە پراکتیکیەکان لەسەر بابەتی دارشتن کە پێویستە جێبەجێبکرێت.پێشکەشکردنی چالاکی و گفتوگۆ لەسەری وەك ئەزموونێك دەبێت بۆ هاوکاری  سودی کردارەکی وانەکە و بەرنامەکە. لە ڕێگەی ڕاهێنانی پەیوەست بەکارە هونەریەکان بەشێوەیکی ورد و پەیوەست بە ئامانجی وانەکە بۆ هەموو فێرخوازەکان. بەمەبەستی پێدانی بوار مەودای بۆ بیرکردنەوە  بۆ کاری جێبەجێکردن. بەخشینی ڕۆڵی چالاك بە فێرخواز بۆ ئەنجامدانی کارە هونەریەکان.

هەڵهێنجاندن: لێرە سەرجەم چەمك و بیرۆکە و بابەت  تیۆر و زانیاریانە گفتوگۆی لەبارەوە دەکەن و پلانەکە و ئامانجەکە یاد دەخرێتەوە و گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت کە پێشتر پلانی بۆ دانرابوون. سود وەرگرتنی فێرخواز لە گشت زانیاری و توانا و ئامرازی فێرکاری ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کە بەکارهێنراون.

کۆتای هەڵسەنگاندن: لێردا هەڵسەنگاندن دەکرێت بۆ زانینی ئاستی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی کارە پراکتیکی و تیۆریەکان بەمەبەستی

چاکسازی و بەردەوامی بەرنامەکەو پێشنیاز بەمەبەستی توانای بەخشین و لێهاتووی زیاتر بە فێرخوازەکان لەکارە هونەریەکانیاندا. ئەرکی ماڵەوە: لێرە ڕاسپاردە و پێشنیاز بۆ وانەی ئاینده و بەردەوامی بەکاری هونەری پێشکەش کراو بۆ بەستنەوەی وانەکە و بڕابەخۆبوون گەڕان وپشکنین و لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکە.

## دروستکردنی بەرنامە

بۆ دروستکردنی بەرنامەیکی فێرکاری لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە پێویستە فێرکاریی بەرنامەیی وەکو ڕێگەکانی تری فێرکاری پێویستی بە پلان و ئامادەکاریی پێشوتر هەیە کە بەتایبەت دیاریکردنی پێداویستیەکان واتە بزانێت فێرخوازەکان ئاستیان چۆنە؟ کێشەیەیان لە کۆیدا هەیە؟ بەرەو کوێ دەیەوێت ئاڕاستەیان بکات. لەم ڕووەوە کە سەرکەوتنی ئەم بەرنامە فێرکارییە و ڕێگەیە بە زۆری گرێدراوی ئامادەسازی و ڕێکخستنی تێکستی گونجاوی فێرکاریی بەرنامەییە کە لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بابەتی دارشتنی وێنەکێشاندا. ئامادەکارییەکەی لە ڕێگەگەلی تر زۆرتر پێویستی بە سەرنج و هەوڵدان هەیە. لێرەدا چۆنیەتیی ئامادەسازیی فێرکاریی بەرنامەیی لەچەند قۆناغدا دەخەینەڕوو . زانستێکە کورت دەکرێتەوە بۆ ستایشی ئەو ڕێکارانەی پەیوەیستن بە هەڵبژاردنی مادەیەکی فێرکاری کە پێداویستی و بابەت و بەرنامە. دەیەوێت کاربکات بۆ دیزاینکردن و ڕێکخستن و شیکردنەوە و گەشەپێدان و هەڵسەنگاندنی ئەمیش لە پێناو ئەوەی کە دانانی بەرنامە یارمەتی فێرخوازان دەدات تاوەکو بە شێوەیەکی باشتر و خێراتر فێربن.گەیشتن بە ئامانجی فێرکاریەکان کە پێشتر دیاریکراوە. لەلایەکی ترەوە یارمەتی فێرکاردەدات بەشێوەیەکی باشتر بەدواداچوون بکات بۆ ڕێگا فێرکاریەکان لە کەمترین ماوە بەو هەوڵە کەمەی لەبەردەستدایە. بەرنامە فێرکاری کاردەکات بۆ گۆڕینی ئەو تیوێرانەی کە تایبەتن بە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بۆ چالاکی و **موادی فێرکاری.**

### کاراییە بەرایەکان

١.هەڵبژاردنی یەکەی وانەیی، لە نوسینی فێرکاریی بەرنامەییدا،زۆرتر لە هەمووشت، پێویستمان بە یەکەی بابەتە یان بابەتی فێرکارییە. باشتر وایە بابەتەکانی فێرکاریی بەرنامەی پوخت وردبن. دروستکردنی بابەتی بەرنامەیی بۆ وانەی فراوان و تێرو تەسەل بێت ئیشێکی دژوارە. گەر بابەتی واتان لەبەردەست بوو باشتر وایە بیکەنە کەرت کەرتی بچوك و تاڕادەیەك سەربەخۆ پاشان بۆ هەرکامیان بەرنامەیەکی جیاواز بنوسن.ئەم کارتێکەرییە هەم بەرنامە نوسییە کە ئاسان و کرداری دەکات و هەم دەرفەت دەداتە خوێنەر تاوەکو و لە مەودایەکی کاتدا یەك بابەت بخوێنێتەوە و فێری ببێت.

٢.دریاری کردنی وردە بەشەکانی ناوەڕۆکی وانەکە، هەروەها کە لە فێرکاری پۆلدا، مامۆستا سەرەتا بابەتەکانی بەسەر کاتەکانی کە وانەکەی تێدا دەڵێتەوە دابەشی دەکات. بەرنامە نوسی فێرکاریی بەرنامەیش دەبێت بابەتەکان بەپێی لەدوای یەکێك کە لە فێرکاریدا فرمانی پێدەکرێت دەستنیشان کراوە بەشێوازێکی هەنگاو بەهەنگاو لە شێوەی نەخشەیەکدا خراوەتە ڕوو.

٣.دیارکردن و دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی توێژینەوە بۆ گەشە پێدان بە توانا و لێهاتوویەکانی فێرخوازان. فێرکار دەبێت ئامانجی فێرکاری وانەی خۆی لەپێشدا دیاری بکات و ئەم ئامانجانە لە کارو چالاکیی دیدەنێی واتە لە ڕواڵەتی ئامانجەکانی بنوسێتەوە و لە نوسینی بابەتەکانی بەرنامەی فێرکاریشدا ئەم کارە پێویستە بکرێت.

٤.دیاریکردنی ئامادەکاری یان ڕیکخستن و دەسپێکی پێویست و دروستکردنی هەڵسەنگاندنی دەستپێکی پێویست . مامۆستا بۆ فێرکردنی هەر بابەتێکی نوێ دەبێت دڵنیا بێت کە فێرخواز زانیاری و شارەزایی شیاوی پێشخوازراوی بۆ فێربوونی ئەو بابەتە هەیە.ئەم دیاریکردنی ئامادەباشییە بۆ نوسینی ناوەڕۆکی فێرکاریی بەرنامەیش پێویستە، چونکە پێشتر دەبێت ڕوون بکرێتەوە کە چ کەسانێك دەتوانن لە ئاست فێربوونی بەرنامەکەدابن.

٥.دروستکردنی هەڵسەنگاندنی کۆتاییەکان لە سازکردنی بەرنامەی فێرکارییدا ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنی بۆ ئاستی کارە هونەریکان و لەلایەنی

تێری و کردارەکی هەڵسەنگاندنی کۆتاییەکانیش پێویستە. چونکە هەڵسەنگاندننە بۆ زانینی ئاستی فێربوونی خوێندکاران دروست دەبێت. دەبێت بەسەرنجدانە هەموو ناوەڕۆکی بەرنامەکە و گشت ئامانجەکانی فێرکاری ئامادەبکرێت.

٦. ڕاسپاردەوە و ئەرکی ماڵەوە بەمەبەستی بەستنەوەی وانەکە بە وانەی ئایندەو گەڕان و بەردەوامی لە کارە هونەریەکان. هەربۆیە فێرکار بەردەوام ڕاسپاردەی هەبێت بۆکاری فێرخوازان پەیوەست بەو وانەی ئێستا و ئامادەکاری بۆ وانەی ئاینده.

## ڕۆڵی بەرنامە فێرکارییەکە وکاریگەری گەشە پێدانی توانا و لێهاتوویەکان لە بابەتی داڕشتنی وێنەکێشان.

گرنگترین ئامانجی بەرنامە فێرکاریەکان گەشپێدانی توانای بەرهەم هێنانی بە شێوازێکی نوێ وگەشەپێدان و پەرەپێدان بە لێهاتوویەکان. هەروەها بەرەوپێشچوونی ئاستی بەرهەمهێنانی کارە هونەریەکان و پەروەردەکردنی هەست و نەستی جوانناسی لە پرۆسێسی کارە هونەریەکان قۆناغ بە غۆناغ بەشێوەیەکی زانستی بەرنامە بۆ دانراو.لەم ڕوانگەیەوە بەرنامە فێرکاریەکە لەسەر بنەمای ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کە گەشە بە توانای بیرکردنەوەی توانا هەستیەکان لە کاری هونەری و ئەفراندندا گەشە پێدەداتا. چاندنی ماکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە دەرون و باوەڕی فێرخوان لە پرۆسێسی کاری هونەریدا. کاری داهێنان کارێکی بەرێکەوت نیە و بەرنامە فێرکاریەکە بە شێوازێکی زانستی هەنگاو بەهەنگاو لە ڕێگەی فێرکارەوە کار بۆ هێنانەدی دەکات لەلای فێرخوازان لە ڕێگەی بەرنامە فێرکاریەکەوە کە کار لەسەر هەموو ڕەهەندەکان دەکرێت بۆگەشپێدان لێهاتووی بە توانای نوێگەری لای فێرخوازان کە لە بەرنامە فێرکاریەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە . بۆ ئاراستەکردنی بۆ هێنانە دی ئامانجی توێژینەوە و ڕێکخستن و دەرخستنی توانا و بەهرە کەشف نەکراوەکانی.سازکردنی ژینگەیەکی فێرکاریی لەسەربنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە. ئەمەش بە سازکردنی کەشێك کە گەشەپێدانای بیرکرنەوەی داهێنەرانە و بیر نوێگەری تێدا چرۆبکات لە ڕێگەی فێرکارەوە بە گرنگی دان بە توانا و لێهاتوویەکان و بەهەرەی داهێنەرانە دەرخستنی توانا و لێهاتوویەکان لە بواری دارشتنی وێنەکێشان و تابلۆدا. بەرنامە فێرکاریەکە لە ڕێگەی ئەو پلانەی کە پوختەکەی لە چەندین خشتەدا خراوەتە ڕوو هەنگاوەکان بە شێوازێکی زانستی و لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە خراوەتە ڕوو.کە بەوردی کار لەسەر ئاگای و هۆشیاری نوێگەری و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی فێرخوازان دەکرێت. بەرنامە فێرکاریەکە بەوردی کار لەسەر گەشەپێدانی لایەنی ژیری و ئاگایی فێرخوازان دەکات دابینکردنی پێداویستیەکانی وانە وتنەوە و دابین کردنی سەرجەم هۆکار و ئەوکەرەستانەی کە پێویستن بۆ سازکردنی ژینگەیەکی نوێ و داهێنەرانە بۆ بۆ فەراهەمکردنی چالاکی و دۆزینەوەی توانا و لێهاتوویەکان ئەزموون و داهێنانی و بەدەستهێنانی توانا وکارمەیەکان لە پرۆسێسی کاری هونەریدا. لەبەرنامە فێرکاریەکەدا داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئەو پردەدەیە کە فێرخوازەکان بە هاوکاری فێرگە و فێرکار و ژینگەکە، فێرخوازەکان دەگەیەنێت بە ئامانجی توێژینەوەکە، وگەشەپێدانە بە لێهاتوویەکانی لە بابەتی دارشتندا.

کەواتە ستراتیجیەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبەرنامە فێرکاریەکەدا

یەکەم زمان ڕەوانی(طلاقة) :Fluencyخێرایی: پێکهێنانی زۆرترین بیرۆکەی هونەری لە کارێکی هونەریدا لە یەککاتدا، لە هەروانەیکدا کە ناونیشانی بابەتەکە دیاریکرا دواتر داوا لەفێرخواز دەکەرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا زۆرترین بیرۆکەو ئایدیای هونەری خەلق بکات زۆرجاران ئەو بیرۆکانە دادەرێژێتە نوێکارە کردارەکییە ئەوکات فێرکاری فێری ئەوەدەکرێت لەکارە هونەریەکان زیاتر لەیەك هەڵبژاردنی هەبێت و فێری کرانەوە ژیری و فراوانی ئاسۆی بیرکردنەوەی هونەری.بەواتایەکی تر بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆر بیرۆکە و ئەلتەرناتیف لە ماوەیەکی خێرادا لەسەر هەڵوێس ڕوودا و بابەتی هونەری چەمکێ هونەری کە بەم شێوەیە دابەش دەبێت:

-دەربڕینی زۆرترین زمانەوانی: توانای فێرخواز لە ڕیگەیەوە زۆرترین دەربڕینی هونەری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بەمەرجی گونجاوی تروانیەکانە.

-مانای ژیری (هزری) دروستکردنی توانای فێرخواز لە گەیشتن و دەربڕینی زۆرترین بیرۆکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەبارەت بەبابەتی هونەری.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

-شێوەکی(ئەندازەیی) یان وێنەی: دروستکردنی تواناداری فێرخواز لە زیادکردنی گۆڕانکاری لە وێنەیەك کە مانای یان شێوە و ستایل ناوەڕۆکەکەی بگۆڕێت دروستکردنی زۆرترین وێنەی لەسەر پێکهاتەکانی داڕشتن(خاڵ،هێڵ،شێوە،ڕەنگ،ساو...هتر)

دووەم نەرمێتی: لایەنی نەرمی و ئاسانکاریە لە بەخشینی زۆر بیرۆکە و بیرکردنەوە ئایدیا لەلایەن فێرخوازانەوە لە ڕێگەی ئەو باتەی کە پێوستە لەوانەکەدا بیخوێنن بەرنەم و نیانی مامەڵەو هەڵسوکەوت بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە دورکەوتنە لە وابەستە بوون بەیەك بیرۆکە و یەك شێواز و ستایلی هونەریەوە بەڵکو بەئاسانی دەتوانێت لە بیرۆکە و شێوازیکەوە بگوازێرتەوە بۆ شێوازێ ك و بیرۆکە یەکی تر و دورکەوتنە لە کاری لاسایی و کۆپیکاری لێرەدا چەندین نمونەی هونەرمەندی داهێنەری بۆ نمایش دەکرێت کە توانیویانە نەرمی و گۆڕانکاری بکەن لە شێواز و بیرۆکەو پێکهاتەی کارە هونەریەکانیاندا توانیویان شاکاری هونەری نوێ دروستبکەن. لەبەرنامە فێرکاریەکەدا چەندین ڕاهێنان وچالاکی ئەنجام دەدات بۆمەبەستی دروستکردنی نەمێتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە شێوازێکی تیۆری و کردارەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم شێوازە هەواکو فێرخواز بە شێوایکی واقعی و بەرجەستە هەنگاوەکان جێبەجێبکات.لە ڕیگەی فێرکارەوە هەوڵی درودستکردنی خۆگونجاندی فێرخواز بە گوێرەی هەڵوێستی خوازراو. واتا تواناداری فێرخواز لە خواستنەوە یان گۆڕینی ئاڕاستەی گوزارشتە هونەریکانی لە شێوازی کارێکی هونەریەوە بۆ کارێکی هونەری بەبێ ئاستەنگ زۆر لە خۆکردن.

-مرونەی خۆڕست: توانای فێرخواز بۆ بەرهەمهێنانی زۆرترین بیروبۆچوون و پێشنیاز لەسەر بیرۆکەی هونەری لە باتی داڕشتنی وێنەکێشاندا.

-مرونەی گونجێنراو: وەڵامدانەوەی فێرخواز بۆ گونجاندن و هاوسەنگی لە هەڵوێست و بیرۆکەی هونەری بە شێوەیکی شیاو گونجاو پەسەند هەڵگر و خاوەنی لێهاتووی و زیرەکی نەرمێتی گونجێنراوبێت.

سێیەم ڕەسەنێتی:لێرەدا فێرکار هەوڵدەدات فێرخواز ڕابهێنێت لەسەر توانای دەربڕێنی بیرکە بەشێوازێکی ڕاسەن و ڕاستەقینە کە زادەی تێڕاوانین و بیرۆکەی خودی بێت و جیاوازبێت و ڕەسەنی هکارە هونەریەکەیەوە دیاربێت و دروستکردنی بیرۆکە و ڕەنگدانەوەی لە کاری توێری و کردارەکی لە کارە هونەریەکاندا کە زادەی چیرۆك و دەرون و تێڕاونیی خۆی بێت . لێرەوە فێرخواز ئازایەتی و بوێری کاری هونەری تێدا دەچێرێت کە دوورکەوێتەوە لە کاری لاسای و بەکەم زانینی کار و بیرۆکەکانی خۆی. بیرۆکە و کارە داهێنەرانە ڕەسەنەکان کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەپێدانی توان و لێهاتوویەکان لای فێرخوازان. کە بەشێوازێکی کردارەکی و لە ڕێگەی ئەو بەرنامە فێرکاریە هەنگاو بە هەنگاو بە شێوازێکی پلان بۆ دانراو هەوڵی پراکتیزەکردنی دەدرێت. ئەمەش دەبێت بە تێشوویەکی دەوەڵمەند کە فێرخواز بڕوای بەخۆی و کارە هونەریەکەی هەبێت و هەمەیشە هەوڵبدات ڕەسەنێتی و ڕاستەقینەی لە کارەهونەریەکانی لە بیرۆکەکانی لە بابەتی داڕشتنی هونەری بەرجەستە بکات.لێرەوە فێرکار پێویستە ئەرکی دروستکردتن و ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی فێرخوازبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێرکاریەکانە لای فێرخوازان و ڕەخساندن و سازکردنی ژینگەیەکی فێرکاری تەندروستی داهێنەرانە لە ڕێگەی پلانیکی زانستی ئامادەکراو لە پرۆسەیەکی داهێنەرانە خرابووە ڕوو.

دروستکردنی تواناداری فێرخواز بۆ ڕووکردنەوەی زیاتر لەسەر بیروبۆ چوون و تێور و بەرهەمی هونەری بۆ ئاشناکردنی زیاتر و سودگەیاندنی زیاتر بە پرۆژە هونەریەکانی. لێرە دا داوا لە فێرخواز دەکرێت زیاتر گۆڕانکاری بکات لە کاریکی هونەری.

چوارەم درککردن بە کێشە چارەسەری نوێ:

دروستکردنی تواناداری فێرخواز بۆ چارەسەری نوێ بە دروستکردنی بیرۆکە نوێ بۆ هەر بابەتێکی دیاریکرا.

بیرکردنەوەی فێرخواز بۆ پشکنین و وردبوونەوە لەسەر بابەتی هونەری لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە

بۆ گەیشتن بە بیرۆکەو بڕیادان خەلقکردن کارێکی هونەری بە شێوازێك تێڕامان و وردبوونەوە و تێگەیشتن.

پێنجەم وردەکاریی(الاضافة-Elaboration):

لەلایەن فێرکارەوە ئاماژە بۆ توانای فێرخواز بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی و پێدانی وردەکاریی لەسەر بیرۆکەیەکی نوێی هونەری لەسەر

هەڵوێستێکی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك دەکات، بۆئەوەی زیاتر بیرۆکەکە ڕوونبێت و سودەکەی دەربکەوێت، هەروەها بۆ بەرچاوڕوونی ئەوانیتر و پەسەندکردنی لە کارە هونەریەکاندا.

ئەرکی سیستەمی فێرکارییە لەبەرنامە فێرکارییەکەدا

١.توانای دەرخکردن و لەبەر فێرخواز بگۆڕێت بۆ توانای تێگەیشتنی کاری هونەری.

٢.توانای لەبەرکردن بگۆڕێت بۆ توانای هەڵسەنگاندن و بەرهەمهێنان .

٣.توانای کۆپیکاری بگۆڕێت بۆ توانای بەرهەمهێنان و بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانەی هونەری.

٤.لە جێگەی پشت بەستن بگۆردرێت بۆ توانای خودی و پشتبەستن بە توانا شاراوەکان لە بەرهەمهێنانی کاری هونەریدا.

٥.توانای بیناکردن هەندێکجار بگۆڕێت بۆ توانای هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی هونەری شێوەکاری و سەرلەنوێ بیناکردنەوە لە فۆرمێکی نوێدا.

٦.توانای وەرگتن وەك خۆی بگۆڕێت بە توانای هەڵسەنگاندن و شیکار تابلۆ کارە هونەریەکان.

٧.توانای کاری تاکەسی بتوانێت بۆ کاری گروپی وپرۆژی هونەری.

٨.توانای هەستکردن بگۆڕێت بۆ توانای شرۆڤەکاری.

٩.توانا لاسای و کۆپیکاری بگۆڕێت بۆ توانای ئەفراندن و داهێنان.

١٠.شکستدان بە تڕاوانیی باو توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە.

گۆڕانکاری جۆرایەتی لە وانە وتنەوە گرنگی پێدانی تایبەت لە ڕێگای فێرکارەوە بەمەبەستی ڕەخساندنی ژینگەیەگی زانستی هونەری تەندروست لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە. فێرکردن ئاڕاستەی بەر چالاکی و دروستکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە دەرون تێڕاوانینی فێرخوازاندا بەشێوازێك کە فێرخواز بێتە سەنتەری گرنگیپێدان و هەر فێرخوازێك لەڕێگەی بەشداری کردنی لە بەرنامە فێرکاریەکە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە کارە هونەریەکانیدا رەنگ بداتەوە پێویست فێرخواز هەوێنی داهێنان و سەربەستکردن و ئازادکردنی بیروبۆچونەکانی لە پرۆژ هونەریەکانیدا بەرجەستەبێت لەم سەردەمی نوێ و تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاریەدا جێ پەنجەی دیاربێت.بەردەوام لە ڕێگەی فێرکارەوە گەشە بدرێت بە لێهاتوویکانی فێرخوازان و تەکنیك و شێوازی نوێ بەکار بهێنرێت بۆ بەخشینی باوەڕبەخۆبوون لای فێرخوازان.

قۆناغی یەکەم:پێش دەستپێکردنی فێرکاری، هەڵبژاردن و ڕێکخستنەوەی ئامانجەکانی فێرکاری دیاریکردنی تایبەتمەندی وەرگیراوی فێرخوازەکان و هەڵسەنگاندنی دەسپێك ، لەکاتی پێویستدا بۆ جێبەجێکردنی فێرکردن.

قۆناغی دووەم:لە پێشدا چالاککردنی فێرکاری لە پێناو ئەودا. بە پێداچوونەوەی بە سروشت و ناوەڕۆکی و پاڵنەر و لە ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و سود وەرگرتن لەو بۆ چاکسازی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن لە بابەتی دارشتندا.

قۆناغی سێیەم: کرداری فێرکردن، هەڵبژاردن و بەکارهێنانی شێواز و تەکنیکی نوێ و گونجاو لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بابەتی دارشتنی وێنەکێشاندا.

**توانا وکارامەیە و گەشە پێدانی لێهاتتویەکان**

جەختکردنەوە لە ئامانجی پەیوەندی دار بە توانا و کارامەی زەینی و کردارەکی و چالاکیەکان بۆ هەڵهێنجاندنی ڕێکخراو بەرنامەڕێژی فێرکراو کە بۆ مەبەستی دیاریکراو درك و تێگەیشتنی بابەتەکان توانای بەکارهێنانی ئەوانە لە بارودۆخی نوێدا. داهێنان و نوێگەری لە کارە هونەریەکان و دروستکردن بەرهەمی نوێ.

قۆناغی چوارەم: دوای کرداری فێرکردن. ئامادە و جێبەجێکردنی شێوازی هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی فیربوونی فێرخوازەکان.

قۆناغی پێنجەم: پێدانی ئەرکی ماڵەوە بۆ بەستنەوەی وانەکە بە وانەی ئایندەو گەڕان و بەشکنین بۆ گەشەپێدانی خودی فێر خوازان لە ئەنجامدانی چالاکی بەمەبەستی تەواوکاری وانەکە.


**خشتەی خوارەوە نمونەی وانەی یەکەم لە بەرنامە فێرکارییەکە ڕووندەکاتەوە**

| | **خستنە ڕوو** | **کات** | |
|---|---|---|---|
| ١ | **ناونیشان:ناساندنی پێکهاتەی هونەری شێوەکاری ،پێکهاتەکانی داڕشتن، پەیوەندیەکان داڕشتن بینین،ڕووبەری تابلۆ.**<br>- **تێگەیشتن لە پرۆسەی بینین و نیگاکردن و مانای ڕووبەر(کادر) لە هونەری شێوەکاریدا.**<br>- **ئاشنای و تێگەیشتن لە هونەری شێوەکاری و ڕەگەزەکانی چۆنیەتی پرۆسێسی دیداری.**<br>- **پرۆسەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، داهێنانی هونەر لە هونەری شێوەکاریدا.** | | **قۆناغی پێش وانەکە** |
| ٢ | ناوەڕۆك<br>ئامانجی فێرکاری:تێگەیشتنی داڕشتنی هونەری.<br>١.ناسین پێکهاتەکانی هونەری شێوەکاری و پێکهاتەکانی چۆنیەتی پرۆسەی بینین بینین.<br>٢.بینین و نیگاکردن، کەشفی هونەری زاکیرەی دیداری(بینین).<br>٣.بەکارهێنانی کادر ڕوو لە کاری هونەریدا.<br>- **خەلقکردنی کاری هونەری:** بەکارهێنان پێکهاتەکان وزەی لە کاری هونەریدی خۆیدا، بەکارهێنانی هەمەجۆری کادر ڕوو لەکاری هونەری خۆیدا.<br>**ڕەخنەی هونەری:** فێربوونی بەیانی واقعبینانە، چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەگەزەکان وزەی دیداری لە کاری هونەری خۆی و کەسانی تردا.<br>فێربوونی هەڵسەنگاند و شیکار و لێکۆڵینەوە، هەڵسەنگاندنی کەشفکردنی خود. | | |
| ٣ | وشە کلیلیەکان:هونەری شێوەکاری، ڕەگەزەکانی داڕشتن، چۆنیەتی وزەی دیداری، بینین و کەشفکردن،ژیری بینین، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، داهێنانی هونەری. | | |
| ٤ | پێداویستیەکانی وانە وتنەوە:<br>- کەرەستەو پێداویستەیەکانی فێرخوازان: کتێبی وانە، کتێبی ڕێنمای مامۆستا، وێنەیە گەلێك بۆ تێگەیشتن و نیگاکردن، هەمەجۆری ڕوو (کادری) بە تابلۆ و وێنەی پەیوەست بەو.<br>- پێداویستیەکان، کاغەز، قەڵەمی جۆراو جۆر،کارتون،هۆکاری بینین. | | |
| ٥ | ستراتیجە نوێکانی وانە وتنەوە<br>١. شێوای وانەوتنەوە لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە<br>٢. ڕێگەی پرۆژ | | **قۆناغی کاتی وانەکە** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٣. شێوازی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە<br>٤. شێوازی چالاکی | | |
| ٦ | خاڵی بەسود<br><br>کارای هونەری شێوەکاری ، ناساندنی هونەری شێوەکار( پێشکەشکردنی بابەتی پێویست لەم بارەیەوە) نەخش و کاریگەری هونەری شێوەکاری، چۆنیەتی کاریگەری هونەری شێوەکاری لەسەر هونەر.<br><br>دروستکردنی ئەنگیزە و پاڵنەر خۆشەویستی: بە سود بین لە ژینگەی ناوخۆی و یان ژینگەی پارکی پەیمانگا فێرکاری خەلقکردن هەرلەم ڕوانگەیەوە نیشاندانی کاری هونەری و پەیوەست بەم بابەتەوە.<br><br>ڕاسپاردەکان: فێرکاری لەسەر پرۆسێسی بینین و ڕوو(کادر) لەگەڵ تێگەیشتن لە بۆشای<br><br>( فضا)، بۆشای ناوەوە بۆشای دەرەوە، کاریگەری بۆشای ڕوو(کادر) گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە بکرێت لەبارەیانەوە، بە بەڵگەی گرنگی بابەتەکەوە پەیوەست بە هونەرەوە، بە تایبەت هونەری شێوەکاری، نمونەیەکی کاری هونەری بهێنرێت پەیوەست شێوازی بینین و نمایشکردن و گفتوگۆ فێرخوازانی بواری هونەری پێشکەش بکرێت. | | |
| ٧ | ڕێنمای وانە وتنەوە:<br><br>سەرەتا مانای هونەری شێوەکاری ڕوونبکرێتەوە. ناسین و تێگەیشتن لە یاسای داڕشتن و شیکاری هونەری شیوەکاری بکرێت و شێوازی دیدی هونەری و بینین هونەری ڕونبکرێتەوە و هونەری شیوەکاری ڕونبکرێتەوە.<br><br>دیدی داهێنەرانە ڕونبکرێتەوە بەگشتی دواتر بیری داهێنەرانە لە ناو داڕشتنی وێنەکێشان ڕونبکرێتەوە.<br><br>هەروەها ڕەگەزەکانی داڕشتن و بینین وەکو نیشانەی ئەلف بایی شێوەکاری و چۆنیەتی شێوەکاری دیداری(کیفیاتی بصری) هەروەها ناساندنی بەشێك لەڕەگەزەکانی وزەی دیداری بناسێرێت. | | |
| ٨ | داهێنان لە کاتی وانە وتنەوە:<br><br>١.یاریکردن بۆ باش بینین لە ناو وانەکە، لە ڕێگەی گۆڕینی ئەشیا و جێبەجێکردنیان لە کاتێك فێرخوازەکان لە وانەکەدا بوونیان نیە.<br><br>٣. نمایش و بەیانکردنی چەند وێنەیەك و تابلۆیەك بۆ هاندان و دەوڵەمەنکردنی دیدی هونەری.<br><br>٤. پێشاندانی ئەو تابلۆیانەی کە هونەرمەندەکان نوێگەری و داهێنانیان تێداکردووە. | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | ڕاهێنان بەسود و پێشنیاری<br><br>١.ڕاهێنانی لەسەر دروستکردنی کارە هونەری بۆ قوڵبوونەوە و تێگەیشتن پێویست.<br><br>٢.پێشەکەشکردنی چەند ڕاهێنانێك بۆ بینین و تێگەیشتن لە ڕوو(کادر) لە هونەری شێوەکاریدا.<br><br>٣. پێشکەشکردنی ڕاهێنانی گروپی بە هاوکاری ژینگەی پۆل،ڕوناکی ئیناره و ڕوناکی پەنجەرە سروشتی. کەرەستەو ئەشیای ناوەوەی پۆل و کارکردنی فێرخوازانی بواری هونەر لە ژینگەی پۆلدا. دروستکردن و دیزاینی هەمەجۆری کادر. بۆنمونە دروستکردنی ڕووی ئاسۆی و ستونی دروستکردنی چەند ڕوویەکی دارشتنیان لەیەك شوێندا.<br><br>٤.ڕاهێنانی لە سەر ڕۆشنای و سروشتی کوردستنان و شوناسی کورد و جوانیەکان و کلتوری ژینگەی کورد بە بیرکدنەوەی نوێ و داهێنەرانە. | | | |
| ١٠ | شێوازی بایەخدان بە ڕاهێنانی زانستی(داڕشتن،داهێنان، شێوازی دروستکردن، وردەکاری و بەرهەمهێنان). داڕشتنی لە کەناری یەکتر دا ڕوو.<br><br>کۆکردنەوەی ڕووی پانتای جیاواز بە مادەی جیاواز بە (ئاسۆی و ستونی). | | | |
| ١٢ | شێوازی هاندان و پاداشت: ئەو فێرخوازانەی کە کارێکی داهێنەرانەیان ئەنجامداوە بەراورد بە هاوپۆلەکانیا لە کادر ڕوو. | | | |
| ١٣ | بەرجەستەکردنی کاری کردارەکی<br><br>١. هەڵچنینی و داڕشتنی شتی سروشتی لەلایەن فێرخوازانەوە.<br>٢. هەڵچنین و دارشتنی ژورێك لە فۆرمێکی داڕشتندا.<br>٣. بونی کادر لە تابلۆی و پۆستەری و گۆڤار. هەروەها هەڵسەنگاندی ڕوو .<br>٤. سروشت سەرچاوەی خەیاڵ و ئیلهامی هونەرمەندانە وشیار کردنەوەی فێرخوازان بە یاسای داڕشتن و ڕوبەر لە سروشتدا و هەمەجۆری کادر ڕوو پەیوەست بە بابەتە( بۆ نمونە داری ستونی لە ڕوودا یان پانتایدا و شەپۆلی ئاوی ئاسۆی لە ڕوودا) | | | قۆناغی کۆتای |
| ١٤ | هەڵسەنگاند :<br><br>١.بۆ زانینی تێگەیشتن و ئاستی فێرخوازان.<br><br>ئەرکی ماڵەوە:<br><br>پێدان و پێشنیاز بۆ وانەی داهاتوو(کێشانی فۆرمی ئاسۆی و ستونی لە داڕشتنی وێنەکێشاندا). | | | |

لەم خشتەیەدا پێکهاتەی هونەر و ڕەگەزەکانی دارشتن خراوەتەڕوو




## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان:

### ئامانجی یەکەم:

زانینی کاریگەریی بەرنامە فێرکارییەکە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی دارشتن: (دارشتنی تابلۆ، بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە دارشتندا).

سەبارەت بە کاریگەری بەرنامە فێرکاریەکە لەسەر دارشتنی تابلۆ، توێژەر هەستا بە دەرخستنی ئەو جیاوازییەی کە لە تاقیکردنەوەی یەکەم(pre-test) و تاقیکردنەوەی دووەم(post-test)دا دەستیکەوتووە. وەك لە خشتەی ژمارە(١)دا خراوەتەڕوو. ناوەندەژمێریی

تاقیکردنەوەی یەکەم لە داڕشتنی تابلۆ (٣٨,٤٤) بوو بە لادانی پێوانەی (٨,١٤). دوای ئەنجامدانی بەرنامە فێرکارییەکە دەرکەوت کە ناوەندەژمێریی لە تاقیکردنەوەی دووەمدا (٥٢,٠٦) بوو بە لادانی پێوانەی (٥,٧٦). پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی ( Wilcoxon Test) دەرکەوت کە جیاوازییەکی ئاماریی هەیە (Z ٣,٧٣= -) بە ئاستی ئاماژەی(٠,٠١). لەمەوە بۆماندەردەکەوێت کە بەرنامە فێرکارییەکە کاریگەرییەکی ئەرێنیی لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی داڕشتن لە تابلۆ لای خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرەجوانەکان هەیە.

سەبارەت بە کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکە لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا، دەرکەوت کە ناوەندەژمێریی تاقیکردنەوە یەکەم لە بیرکردنەوەی داڕشتن (١١٨,٥٦) بوو بە لادانی پێوانەی (١٠,١٢). دوای ئەنجامدانی بەرنامە فێرکارییەکە دەرکەوت کە ناوەندەژمێریی لە تاقیکردنەوەی دووەمدا (١٦٩,٢٨) بوو بە لادانی پێوانەی (١٠,٧١). پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی Wilcoxon Testدەرکەوت کە جیاوازییەکی ئاماریی هەیە(Z ٣,٧٢= -) بە ئاستی ئاماژەی(٠,٠١) لەمەوە بۆماندەردەکەوێت، کە بەرنامە فێرکارییەکە کاریگەرییەکی ئەرێنیی لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی داڕشتن لای خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرەجوانەکان هەیە.

خشتەی ژمارە (١) کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتوویی داڕشتن ڕووندەکاتەوە.

| گۆڕاوەکان | Pre-test | | Post-test | | Z score | ئاستی ئاماژە ٠,٠١ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندەژمێریی | لادانی پێوانەی | ناوەندەژمێریی | لادانی پێوانەی | | |
| داڕشتنی تابلۆ | ٣٨,٤٤ | ٨,١٤ | ٥٢,٠٦ | ٥,٧٦ | ٣,٧٣٠- | بەڵگەدارە |
| بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا | ١١٨,٥٦ | ١٠,١٢ | ١٦٩,٢٨ | ١٠,٧١ | ٣,٧٢٤- | بەڵگەدارە |

وەك لە خشتەی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە دەردەکەوێت کە بەرنامە فێرکارییەکە کاریگەرییەکی ئەرێنیی لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی داڕشتن لای خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرەجوانەکان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکە کە لەسەر ڕۆشنای بیرکردنەوەی داهێنەرانە بیناکرابوو و خوێندکارنی ئەزموونی توێژینەوەکە بایەخیان بە بەرنامەکە دابوو، هەروەها بابەتی داڕشتنی وێنەکێشانیش یەکێکە لە بابەتەگرنگەکان لەبەرئەوەی بناغەی وێنەکێشان دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی داڕشتن.هەروەکو چۆن لە توێژینەوەی جەخت دەکاتەوە لە بایەخی بابەتی داڕشتن.لە لایەن (Akhmedov, & Kholmatova ((٢٠٢١ لە ((بناغەی داڕشتن یانی وردەکاریی دیقەت لە فۆرم و هەماهەنگی لە بەرانبەر ئەوانەدا لە دڵی یەك کارێکی هونەریی سەر هەڵدەدات. هەروەها لە توێژینەوەی ٢٠٢٠) (Nazim,Nigmatjon)).گرنگی دەدات بە نوێگەری داهێنان بریتییە لە شێوازی هەڵبژاردنی دروستی داڕشتنەکە و نوێگەریی و داهێنانە کە ئەنجامی ئەرێنی دەبێت. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە توێژینەوەك کاریگەرێی ئەرێنی هەبووە.

## ئامانجی دووەم:

زانینی جیاوازیی لەنێوان ڕەگەزی (کچ- کوڕ)دا، سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامە فێرکارییەکە، کە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی داڕشتن (داڕشتنی تابلۆ، بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا) کاردەکات.

بۆ زانینی جیاوازیی لەنێوان ڕەگەزی (کچ- کوڕ)دا، سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامە فێرکارییەکە توێژەر هاوکێشەی (Whitney U test Mann)ی بەکارهێنا. وەك لە خشتەی (٢)دا خراوەتەوەڕوو، ناوەندەژمێریی گۆڕاوی داڕشتنی تابلۆ لای کوڕان لە تاقیکردنەوەی یەکەم(-pre test)دا (٤,٣٣) بوو. بەڵام لای کچان (١٢,٨) بوو. هەروەها ناوەندەژمێریی کوڕان لە گۆڕاوی تابلۆ لە تاقیکردنەوەی دووەم((post-test دا (٦,٠٨) بوو، بەڵام لای کچان(١١,٢١) بوو. پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی Whitney U test Mann دەرکەوت کە لە تاقیکردنەوەی یەکەم جیاوازیی ئاماریی بەڵگەدار(٠,٠٥)ی هەیە لەنێوان کچان و کوڕان (Z= ٢,٩١) لە داڕشتنی تابلۆدا، بەڵام دوای جێبەجێکردنی

بەرنامە فێرکارییەکە دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە لە تاقیکردنەوەی دووەمدا جیاوازیی ئاماریی بەڵگەداری نییە لەنێوان کچان و کوڕان(Z=- ١,٩٢) لە داڕشتنی تابلۆدا. ئەمەش دەریدەخات، کە ئاستی کوڕان لە داڕشتنەوەی تابلۆدا لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا جیاوازیی هەبووە لەنێوان کچ و کوڕدا. کچان لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا لێهاتووتربوون لە داڕشتنەوەی تابلۆدا، بەڵام دوای بەرنامەکە و دانانی چارەسەری زانستیی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی کوڕانیش شانبەشانی کچان لە تاقیکردنەوەی دووەمدا، کە لە داڕشتنەوەی تابلۆدا کوڕانیش هەر وەکو کچان ئاستیان بەرزبووەوە و هیچ جیاوازییەك نەبوو، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو، کە کوڕان زیاتر سودمەندبوون، سەرەڕای ئەوەی کچانیش لە بەرنامە فێرکارییەکە سودمەندبوون.

سەبارەت بە زانینی جیاوازیی لەنێوان ڕەگەزی (کچ- کوڕ)دا لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە، دەرکەوت کە ناوەندەژمێریی لە تاقیکردنەوەی یەکەم لە گۆڕاوی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا لای کوڕان (٨,٠٨) بووە، بەڵام لای کچان (١٠,٢١) بوو. هەروەها ناوەندەژمێریی کوڕان لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە تاقیکردنەوەی دووەم (٤,٨٣) بووە، بەڵام لای کچان(١١,٨٣) بوو. پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی Whitney U test Mann دەرکەوت کە لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا جیاوازیی ئاماریی بەڵگەدار (٠،٠٥) نیە لەنێوان کچان و کوڕان (Z= ٠,٧٩) لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە. بەڵام دوای جێبەجێکردنی بەرنامە فێرکارییەکە، دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە لە تاقیکردنەوەی دووەم جیاوازیی ئاماریی بەڵگەداری هەیە لەنێوان کچان و کوڕان (Z= -٢,٦٢) لە بیرکردنەوەی داهێنەرانەی داڕشتندا، بەو واتایەی کە دوای جێبەجێکردنی بەرنامە فێرکارییەکە کچان لێهاتووتربوون و زیاتر سودمەندبوون لە بیرکردنەوەی داڕشتندا.

خشتەی ژمارە (٢) جیاوازیی لەنێوان ڕەگەز لە هەردوو گۆڕاوی داڕشتنی تابلۆدا و بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکاران.

| گۆڕاوەکان | ڕەگەز | ناوەندەژمێریی Mean Rank | کۆکراوەی پلە Sum of Ranks | Z score | ئاستی بەڵگەداریی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| داڕشتن لە تابلۆ لە تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) | ١٢کچ | ١٢,٠٨ | ١٤٥ | -2.91 | بەڵگەدارە |
| | ٦ کوڕ | ٤,٣٣ | ٢٦ | | |
| داڕشتن لە تابلۆ لە تاقیکردنەوەی دووەم (post-test) | ١٢کچ | ١١,٢١ | ١٣٤,٥٠ | -1.92 | بەڵگەدار نییە |
| | ٦ کوڕ | ٦,٠٨ | ٣٦,٥٠ | | |
| بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا لە تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test)دا. | ١٢کچ | (١٠,٢١) | ١٤٥ | -0.70 | بەڵگەدارنیە |
| | ٦ کوڕ | (٨,٠٨) | ٢٦ | | |
| بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا لەتاقیکردنەوەی دووەم (post-test)دا. | ١٢کچ | (١١,٨٣) | ١٣٤,٥٠ | -2.62) | بەڵگەدارە |
| | ٦ کوڕ | (٤,٨٣ ) | ٣٦,٥٠ | | |

وەك لە خشتەی (٢) دا خراوەتە ڕوو، ستی کوڕان لە داڕشتنەوەی تابلۆدا لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا جیاوازیی هەبووە لەنێوان کچ و کوڕدا. کچان لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا لێهاتووتربوون لە داڕشتنەوەی تابلۆدا، بەڵام دوای بەرنامەکە و دانانی چارەسەری زانستیی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی کوڕانیش شانبەشانی کچان لە تاقیکردنەوەی دووەمدا، کە لە داڕشتنەوەی تابلۆدا کوڕانیش هەر وەکو کچان ئاستیان بەرزبووەوە و هیچ جیاوازییەك نەبوو، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو، کە کوڕان زیاتر سودمەندبوون، سەرەڕای ئەوەی کچانیش لە بەرنامە فێرکارییەکە سودمەندبوون. یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی کە تیشکدەخاتەسەر ئەوەی سەرچاوەی مێژووی هونەر توانا و ئیمکانییەت دەدات بە هونەرمەندان بۆ نوێگەریی و داهێنانی هونەریی و کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی هونەریی و گۆڕانکاری دەکات لە ڕەوەندی کاری هونەرییدا و کاری هونەرمەندانی ئێرانیی وەك نموونەیەك دێنێتەوە، کە بەردەوامییدان بە مێژووی داهێنانی هونەریی بەدەستدێنن. لە سەردەمی خەلاقییەت و نوێگەریی مۆدێرنەدا ڕەگەزەکانی هونەر و شێوازی داڕشتن و جوانناسیی بیرۆکەی نوێی هونەریی و

داهێنانی هونەریی لێکەوتۆتەوە (خسرو،زندەروان ،٢٠١٩،٥٦). یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی بە ناوی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی و تێگەیشتنی دیداری لە وانەی وێنەکێشاندا، کە توێژینەوەیەکی ئەزموونییە بە مەبەستی گەشەپێدان بە توانا و لێهاتوویەکانی وێنەکێشان. لە کاتی جێبەجێکردنی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، کە دروستکردنی بەرنامەیەکی فێرکاریی لەسەر ڕۆشنایی گەشەپێدان لە وانەی وێنەکێشاندا کاریگەری ئەرێنیی لەسەر گەشەپێدانی لێهاتوویی وێنەکێشان هەیە، هەروەها لە شیکاری دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا ئەرێنیی بوو.(رضا,٢٠٢١، ٥٦). کەواتە ئەنجامی توێژینەوەکە ئەرێنی بوو ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو توێژینەوانەی کە نزیك لەم ناونیشانە ئەنجامدراوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە بەرنامە فێرکاریەکە و هەروەها بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبەرئەوەی خوێندکار بەردەوام حەزیان بەوەیە کە بەرهەمەکانیان کاریگەربن بەڵام لەبەر نەبوونی شارەزایی و نەدۆزینەوەی ڕێگەیەك کە بیانگەیەنێت بە ئامانجێکی پرشنگدار. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە بەرناکەکە کاریگەری هەبووە لەسەر هەردوو ڕەگەزی نێوان (کچان،کوڕان) دا لەبەرئەوەی بەرنامەکە لەسەر یەك ئاست کاریگەر بووە لەسەریان.

## ئامانجی دووەم:

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە :

١.دەرەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە بەرنامە فێرکارییەکە کاریگەرییەکی ئەرێنیی هەیە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتوویەکانی داڕشتن لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان.

٢.سەبارەت بە جیاوازی نێوان ڕەگەز ، سەرەڕای بوونی جیاوازی ئاماری لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا لە (داڕشتنی تابلۆدا) ، دەرەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە جیاوازی ئاماری نیە لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە تاقیکردنەوەی دووەمدا. بەو واتایەی کە هەردوو ڕەگەز هاوشێوەی یەکتر سوودی ئەرێنی لە بەرنامە فێرکارییەکە دەبینن لە داڕشتنی تابلۆدا. بەڵام بە پێچەوانەوە، لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا جیاوازی نەبوو لە لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا، بەڵام لە تاقیکردنەوەی دووەمدا جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە داڕشتندا بەدیکرا.

## ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر بەدەستیهێناون، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

١.ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکارییەکە پێشنیازکراوە، کە بکرێتە بەرنامەی وتنەوەی وانەی داڕشتنی وێنەکێشان لە بەشی شێوەکاریی لقی وێنەکێشان. لەبەرئەوەی بەرنامەیەکی سەرکەوتوو نییە لە وانەی داڕشتنی وێنەکێشاندا لە بەشی شێوەکاریی، کە هەردوو لایەنی (تیۆریی و پراکتیکی) لەخۆگرتبێت.

٢.دەرئەنجامی توێژینەوەکە و ئەو توێژینەوانەی پێشوو لەم بابەتەوە، وا پێویست دەکات، کە لە کۆلێژی هونەر و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان لە وانەی داڕشتن سود لەم بەرنامەیە وەربگیرێت.

پێشنیازەکان:

١.توێژینەوەیەکی هاوشێوە بکرێت سەبارەت بە کاریگەری بەرنامەیەکی فێرکاری لەسەر داڕشتنی پەیکەرسازی و سیرامیك.

٢. توێژینەوەیك بکرێت لای هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆل بە هەمان بەرنامەی فێرکاری.

٣. توێژینەوەیك بکرێت لەساڵی ئاینده بۆ زانیی کاریگەری دوور مەودا لەسەر نمونەی توێژینەوەك بە هەمان بەرنامەی پێشنیازکراو.

## سەرچاوەکان:

### أ. سەرچاوە کوردیەکان

١-میراودەلی،کەمال(٢٠٠٩):فەلسەفەی جوانی هونەر،قانع سلێمانی.

٢-ڕۆستەم زادە،محمد.س،(٢٠١٢):هونەر و تەکنۆلۆژی،،موکریانی،هەولێر.

٣-خەڵەف سەعید،پێشرو(٢٠١٧)دەرونزانی گشتی،،یاد،سلێمانی

٤-حەمەدەمین، ڕەزان قادر(٢٠٢٠): پێوانەو هەڵسەنگاندن،سۆفیا،.

٥-بۆکانی،سابیر(٢٠٢٠):میتۆدی توێژینەوەی زانستی،چوارچرا،سلێمانی.

٦-عەلی،خەلیل(٢٠٢٢)پەروەردەیی هونەر،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی.

٧-سیف،علی اکبر،وەرگێڕان، محمد ناسر(٢٠٢٢)دەروونناسی پەروەردەیی(فێربوون و فێرکاری) بەرگی یەکەم،چاپخانە،تاران

### ب.سەرچاوە عەرەبیەکان

١-حميد،رجاء رشيد.(٢٠٢٠):تاثيرات الموديلات التعليمية باستخدام التخطيط والاوان لتنمية مهارات الرسم والتحصيل المعرفي لطبة قسم التربية الفنية.مجلة نسق.

٢-رضا,الاء عبد الحسن,(٢٠٢١): برنامج تعليمي لتنمية مهارات الادراك البصري لطالبات المرحلة المتوسة في الرسم بالاوان. مجلة دراسات تربوية(٥٦).

٣-عبدالكريم،وليدصوافطهة(٢٠٠٨):تنمية مهارات التفكر الابداعى ،،عمان الاردن.

٤-العتوم،يوسف، والجرح، عبدالناصر (٢٠٠٩): تنمية مهارات التفكر)، ط٢ ،عمان الأردن.

٥-دعمس، مصطفى نمر(٢٠٠٨) :مهارات التفكير، غيداء، عمان الأردن.

٦- عبد الكريم،سعيد(٢٠٠٦):المدخل الى الابداع،،دار الثقافة،الأردن.

### ت. سەرچاوەی فارسی:

١-خسرو خسرو،زندەروان نسرين(٢٠١٩):نسبت سنجى تاريخى مدرن با اثار هنرمندا معاصر ايران.رهپور هنر، شماره،٣.

٢-فرند،ديويد،نورپور(٢٠٠٦):كمپوزيسيون در نقاشى،دنياى نو.

٤ -پاكباز،رويين(٢٠٠٨):دايرة المعارف هنر،،فرهنگ معاصر.

٥-گودرزى،مرتضى(٢٠١٣):روش تجزيه و تحليل أثارى نقاشى.عطائى.

٦-اكبرزادە،جواد(٢٠١٦ ):اهميت تركيب بندى در نقاشى، ،توس.

٧-رضازادە،هما(٢٠١٥ ):أموزش خلاقيت هونەر، مجله أموزش.

٨-حيليمى،محمد حسين( ٢٠١٢):اصول و مبانى هنرهاى تجسمى(زبان،بيان،تمرين)، ، كتابخانەى ملى ايران.

ج.سەرچاوەی ئیگلیزی

1.Redifer, J. L., Bae, C. L., & Zhao, Q. (2021). Self-efficacy and performance feedback: Effects on cognitive load during creative thinking. Learning and Instruction, 71, 101395.

2. Eshet, Y., & Margaliot, A. (2022). Does creative thinking contribute to the academic integrity of education students?. Frontiers in Psychology, 4709.

3. Akhmedov, M. U., & Kholmatova, F. (2021). FORMATION OF CREATIVE PROCESSES IN STUDENTS THROUGH TEACHING COMPOSITION IN FINE ARTS. Збірник наукових праць ΛΟΓΟΣ.

4. Nozimovich, T. N., Ibrahimovna, Y. N., & Ravshanovich, J. R. (2020). Development Of Student's Creative Abilities In The Fine Arts In The Higher Education System. The American Journal of Social Science and Education Innovations, 2(07), 232-238.

5. Boltabayevich, B. B., & Pardaboy, K. (2020). Scientific and theoretical aspects of the formation of compositional abilities of students in painting classes. European Journal of Research and Reflection in Educational Sciences Vol, 8(3).

6. Hataf, A. H., & Jabr, M. S. (2020). The Aesthetics of the Decorative Composition of the Basmalah in Contemporary Arab Painting. PalArch's Journal of Archaeology of Egypt/Egyptology, 17(7), 3637-3650.

7. Shao, J., & Qin, S. (2021, January). Analysis of Composition Elements in Oil Painting Sketching. In The 6th International Conference on Arts, Design and Contemporary Education (ICADCE 2020) (pp. 264-267). Atlantis Press.

8. Senel, M., & Bagçeci, B. (2019). Development of Creative Thinking Skills of Students through Journal Writing. International Journal of Progressive Education, 15(5), 216-237.

9. Ritter, S. M., Gu, X., Crijns, M., & Biekens, P. (2020). Fostering students' creative thinking skills by means of a one-year creativity training program. PLoS One, 15(3), e0229773.